گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# نەتەوەکان لە جیهانبینینی سالمی شاعیردا

**م. سۆران بهاءالدين عزالدين**
بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
soran.ezedin@su.edu.krd

**پ.د. ئیبراهیم ئەحمەد شوانی**
بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
ibrahim.shwan61@yahoo.com

## پوختە

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی: "نەتەوەکان لە جیهانبینینی سالمی شاعیردا". هەوڵێکە بۆ دەرخستنی بیری سالم (1805-1869) لەبارەی نەتەوەکانی دراوسێی کورد، بە تایبەتی ئەو نەتەوانەی کە حوکمرانی کوردیان کردووە، کە سالم لەبارەیانەوە خاوەنی ڕوانگەی تایبەت بە خۆی بووە.

ئەگەر پێشبینیکردن بەشێک بێت لە جیهانبینی تاک، ئەوا جیهانبینیی سالم بۆ داهاتووی کورد لەنێوان تورک و فارس و عەرەب ئەو نەتەوانەی دەوروبەری کورد، پێشبینییەکی دروستبوو، ئەو لە هەمووان بێ ئومێد دەبێت، ئەوە لە کاتێکدایە ئەو کات چەترێکی کۆکەرەوەی نەتەوەکان بە ناوی (ئوممەتی ئیسلامی) و خەلافەتەوە هەبوو، ئەو ڕۆژگارانەی لە دوای سالمەوە هاتن، تاوەکو ئێستا دەرخەری ئەو ڕاستییە بوون، ئەو نەتەوانە بۆ کورد مایەی گرفت بوون.

سالم شاعیرێکی هەستیار بووە بە کێشە نەتەوەییەکان، ئەوە خەسڵەتی دیاری شیعری بووە، بۆیە لە هەر نەتەوەیەکی ڕوانیبێ، پرسیارەکە بۆ سالم ئەوە بووە، ئەوان بەرانبەر کورد چۆنن، هەندێکجاریش جیهانبینیی سالم بۆ

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٣/٥/١٨
پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٦/١٨
بڵاوکردنەوە:پایز ٢٠٢٤

**وشە سەرەکییەکان**
Worldview, Salm's Thought, Salm Poetry's Characteristics, Nations in Poetry, Turks, Persians, Arabs.

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.3.13

نەتەوە دراوسێکانی کورد هێندەی کاردانەوە بووە، کەمتر خوێندنەوەی قووڵ بۆ تایبەتمەندی ئەو نەتەوانە بووە.
نەتەوەکان لە شیعر و جیهانبینیی سالمدا پانتاییەکی فراوانیان گرتووە، بە پلەیەک باسی ڕۆم و تورک، عەجەم و فارس، پاشان عەرەب و تورکمان و ڕووس و و ئینگلیز و ئەرمەن و تاتار، هەروەها ئەو ئاینانەی کە ناسنامەیەکی نەتەوەییان هەڵگرتووە لە جوو و ئێزدی و داسنی (ناوێکی دیکەی ئێزدییە) لە یەک هەڵومەرجدا ناویانی هێناوە.

## 1- پێشەکی:

بەشێکی دیار لە شیعرەکانی سالم* لەبارەی نەتەوەکانەوەیە، تێڕوانینی شاعیر بۆ نەتەوەکان لە ڕوانگەی هەڵوێستی ئەوانە بەرانبەر بە کورد، باسی نەتەوەکانی دیکە لە دیوانەکەدا، چیرۆکی ئەوانە لەگەڵ کورد، زۆرینەی گوتاری سالم لەڕووی نەتەوایەتییەوە لە دوای ڕووخانی بابانەکانەوە دەردەکەوێت.

سالم جیهانبینییەکی سیاسی کوردانەی هەبووە، پاڵپشتی میرنشینی بابانی کردووە و دوای ڕووخانی بابانیش، پاڵپشتی میرنشینی ئەردەلانی کردووە، لە هەموو شاعیرانی سەردەمەکەی، ڕوونتر باسی کێشە نەتەوەییەکانی کردووە.

سالم لە ڕێگەی گوتاری شیعرییەوە، هەوڵی بەرجەستەکردنی جیهانێک بۆ کورد دەدا، کە هیچی کەمتر نەبێ لە نەتەوەکانی دەوروبەر، ڕوانینی سالم گەڕانە بە دوای ناسنامەی نەتەوەییدا، شاعیر لە نزیکەوە نەتەوەکانی دیکەی بینیوە و تێکەڵیان بووە، گوفتار و ڕفتاریانی بینیوە، بە ئاگایانە خوێندنەوەی بۆیان هەبووە و وەسفی کردوون.

هۆکاری هەڵبژاردنی بابەت:

بە هۆی درەنگ لە چاپدانی دیوانی سالم بە شێوەیەکی ڕێکخراو ، لێکۆڵینەوەی ورد لەسەر بیر و ڕوانگەی سالم دواکەوت، هێشتا زۆر پرسیار ماون، دەبێت لەبارەی جیهانبینیی سالمەوە وەڵام بدرێنەوە، ئەو توێژینەوەیە دەچێتە چوارچێوەی ئەو هەوڵانەی بە دوای وەڵامەکاندا دەگەڕێت.

گرنگی لێکۆڵینەوەکە:

گرنگی ئەو توێژینەوەیە لەوەدایە، ئەگەر چی چەند کتێب و لێکۆڵینەوە لەسەر سالم نووسراون، بەڵام هێشتا سالم هەقی خۆی تەواو نەدراوەتێ، دیوانەکەی پێویستی بەوەیە زیاتر بە قووڵی کاری لەسەر بکرێت.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیە ئامانجمانە، لایەنێکی دیکەی ڕوانگەی سالم دەربخەین، ئەویش ڕوانینە بۆ دەرەوەی خود و نەتەوە، هەروەها ئەدەب وەک سەرچاوەیەک و دۆکۆمێنتێکی مێژوویی کەڵکی لێ وەربگیرێت.

* سالم، ناوی عەبدولرەحمان بەگی کوڕی محەممەد بەگی قەرەجەهەننەمی کوڕی ئەحمەد بەگە، لە بنەماڵەی ساحێبقڕان لە سلێمانی لەدایکبووە و کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە، بەپێی لێکدانەوەی مارف خەزنەدار سالم "لەساڵانی (1805-1869) ژیاوە". (خەزنەدار، 2010، ل 155). سالم یەکێکە لە شاعیرە دیارەکانی ئەدەبی کۆنی کوردی کە بە دیالێکتی کرمانجی خواروو شیعری نووسیوە. "دیوانەکەی بۆ یەکەمین جار لە ساڵی 1933 ی زایندا لە چاپ دراوە". (بۆرەکەیی 2008، ل 589). دووبارە دیوانەکەی لە ساڵی 2015 لە دوو بەرگدا و بە 1414 لاپەڕە چاپکرایەوە، کە لەلایەن مەلا عەبدولکەریم مودەریس و هەر دوو کوڕەکەی فاتیح و محەممەد ساغکرایەوە و شیعرەکانی لێکدرایەوە.

## 2- پێشینەیەک لەبارەی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر سالم نووسراون:

ناو و شیعری سالم بۆ یەکەمجار لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاوکرایەوە، کە لەگەڵ ناوی سالم پارچە شیعرێکی دانراوە، یان تەنیا ئاماژە بە ناوی سالم کراوە، لە یەکەم کتێبدا باسی سالم کرابێت، لە (ئەنجوومەنی ئەدیبانی کورد)ی ئەمین فەیضی بەگە (1860-1925)، کە ئەو کتێبە لە ساڵی 1920 لە ئیستەنبووڵ بڵاوبووەتەوە، ناوی سالم لەگەڵ ئەو شاعیرانەدا هاتووە، کە "شوهرەت"یان هەیە. (فەیضی بەگ، 1982).

ڕەفیق حیلمی، لە کتێبی (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی)دا، کە بەرگی یەکەمی لە ساڵی 1941 و بەرگی دووەمی لە ساڵی 1956 چاپ کردووە، لە بەرگی دووەمدا 19 لاپەڕەی لە 149-168 تەرخان کردووە بۆ ژیانی سالم، لەگەڵ کورتەیەک لە ژیانەکەی، لەسەر چەند شیعرێکی سالم وەستاوە، بە تایبەتی لە شیعرە نیشتمانییەکانی. (حیلمی، 2010).

عەلائەددین سەجادی، لە کتێبی (مێژوی ئەدەبی کوردی)دا، کە لە ساڵی 1952 لە بەغدا چاپی کردووە، لە 19 لاپەڕەدا تەوەرێکی تەخان کردووە، بە ژیان و شیعری سالم. (سجادی، 1952).

لە یەکەم ئەو کارە ئەکادیمیانەی لەسەر سالم کراوە، نامەی ماستەری د. نەوزاد وەقاس سەعیدە، بەناونیشانی (شیعری نیشتمانی سالم (1805-1869)، کە ساڵی 1991 لە زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر نووسی، لێکۆڵینەوەکە لە 106 لاپەڕە پێکهاتووە، سێ بەشە و بەشی یەکەم باسی میرنشینی بابان و دامەزراندنی سلێمانی و ژیانی سالم و ڕووخسار و ناوەڕۆکی شیعرەکانی دەکات. لە بەشی دووەمدا دەچێتە ناوەڕۆکی شیعرەکانی، باسی ئەو شیعرانە دەکات کە بۆ ڕووخانی بابانەکان وکاروباری سلێمانی دوای ڕووخانی میرنشین و زوڵمی تورکەکان و ئاوارەیی و دەربەدەری دەکات، لە دوایین بەشیشدا باسی شیعری قارەمانی و سوارچاکی و جەنگ و خۆفرۆشان و زیندانی دەکات. (سعید، 1991).

یەکێک لە باشترین فەرهەنگەکانی وشە و زاراوەی دیوانی سالم، کتێبەکەی د. محەمەد نوری عارفە، بە ناوی (فەرهەنگی دیوانی شاعیران (نالی – سالم- کوردی))، کە لە ساڵی 2009 چاپی دووەمی لە هەولێر بڵاوکردەوە، لە 1024 لاپەڕەدا، چەندین هەزار وشە و زاراوەی هەر سێ شاعیری شیکردووەتەوە، نموونەی بەیتە شیعری بۆ وەرگرتوون. (عارف، 2009).

یەکێکی دیکە لە فەرهەنگەکانی دیوانی سالم، کتێبەکەی د. ئاڤان عەلی میرزا تۆفیقە، کە لە ساڵی 2013 بە ناونیشانی (فەرهەنگی شیعرەکانی سالم لەبەر ڕۆشنایی ئەدەبی فارسیدا) بڵاویکردەوە، کە لە بنەڕەتدا لە ساڵی 2001 وەک نامەی ماستەر پێشکەش بە کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی کردبوو (میرزا تۆفیق، 2013).

مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی، چەندین لێکۆڵینەوە و کتێبی لەسەر سالم نووسیوە، دووانیانی بە کتێب بڵاوکردووەتەوە، یەکەمیان بەناونیشانی (هەنگاوێک لەسەر ڕێگەی لێکۆڵینەوەی (دیوانی سالم)دا) لە ساڵی 2009 بڵاویکردەوە، لەو کتێبەدا باسی ئەو هەوڵ و تێکۆشانە دەکات بۆ کۆکردنەوە و ساخکردنەوەی دیوانی سالم، کۆمەڵێک دەستخەت و کەشکۆلی بڵاوکردووەتەوە. (قەرەداغی، 2009).

لە کتێبی دووەمدا (بەرکوتێک لە خەرمانی  شیعری سالم) مامۆستا محەمەد قەرەداغی چەپکێک شیعری بڵاونەکراوەی سالم بڵاودەکاتەوە، لە 261 لاپەڕەدا بە 103 ناونیشان و بابەتی کورت زانیاری

لەسەر شیعرەکانی سالم ڕوون دەکاتەوە، بەشی زۆری کتێبەکە لەسەر ساخکردنەوەی شیعری سالم و ئەو دەستنووسانەن کە ماونەتەوە، بە وردی هەڵسەنگاندنی بۆ کردووە. (قەرەداغی، 2010).

دیارترین کار لەبارەی سالمەوە کرا بێت، بێ گومان دەبێت ئاماژە بە دیوانە شیعرەکەی بدرێت، کە لەلایەن مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم و محەمەدی مەلا کەریمەوە ساغکراوەتەوە و لێکدانەوەی بۆ کراوە، ئەو لێکۆلینەوە لە کۆتایی شەستەکانەوە لە لایەن مامۆستا مەلا عەبدولکەریمەوە دەستیپێکردووە، لە ساڵی 2015 لە دوو بەرگدا و بە 1414 لاپەڕە چاپی دەکەن، کە جگە لە شیعر و شیکردنەوەکانی، لە کۆتایی دیوانەکەی فەرهەنگی وشەکانی سالم و وێنەی دەستنووسەکانی سالم بڵاوکراوەتەوە. (سالم ، 2015).

ئەوەی کە وایکردبوو کە لێکۆڵینەوە کەم لەسەر دیوانەکەی سالم بکرێت، درەنگ لە چاپدانی ئەو دیوانەی بوو، کە بەشیوەیەکی ڕێک و پێک بکرێت و شیکردنەوە بۆ تەواوی شیعرە قورسەکانی بکرێت، چونکە ئەگەر کەسانی وەک مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و کوڕەکانی نەبن، تێگەیشتن لە شیعری سالم زەحمەتە، نەوە لە دوای نەوە کە لەسەردەمی سالم دووردەکەوینەوە، تێگەیشتن لە شیعر و جیهانبینی سالم قورستر دەبێت.

د. عوسمان دەشتی، یەکێکە لەو لێکۆڵەرانەی کە زۆرترین کاری لەسەر سالمی ساحێبقڕان کردووە، لە چەندین گۆڤاردا بڵاویکردووەتەوە، لە ساڵی 2021 لە هەولێر کتێبێکی 484 لاپەڕەیی بڵاوکردەوە، بە ناونیشانی: (سالمی ساحێبقڕان – باس و لێکۆڵینەوە)، لەو کتێبەدا کە 9 لێکۆڵینەوەی تێدایە، سێ لە لیکۆڵینەوەکانی پێشتر بڵاوکردوونەوە، ئەو کتێبە یەکێکە لە باشترین ئەو کتیبانەی لەسەر سالم نووسراون، کۆکەرەوەی هەموو لایەنەکانە، لە لایەنی هونەری و ناوەرۆک و ژیانی سالم و ئەوانەی لەسەر سالم نووسراون. (دەشتی، 2021).

د. ڕەئوف عوسمان، لە ساڵی 2021 کتێبێکی بە ناونیشانی (عەزیزبەگی بابان لە ئاستانەی سالمی ساحێبقڕاندا) بڵاوکردەوە، لە 133 لاپەڕەدا ڕووداوێکی مێژوویی لەنێو دەقە شیعرییەکانی سالمدا هەڵهێنجاوە، شیعری سالم بووە بە دۆکۆمێنت و بەڵگەی مێژوویی، لەو ڕێگەوە شەڕەکانی عەزیز بەگ و چارەنووسی ئەو میرەی بابان و میرنشینەکە باسکراوە. (عوسمان، 2021).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 3 - زاراوەی جیهانبینی:

هێندەی ژمارەی بێ شوماری مرۆڤ بە درێژایی مێژوو جیهانبینیی جیاواز هەبووە، لە کەسێکی سادەی کوێرەدێیەکەوە بۆ کەسێکی بیرمەند و فەیلەسووف، بەپێی ئەقڵ پێشکانی خۆیان خاوەنی دیدگای خۆیان بوون، پێش ئەوەی جیهانبینی وەك چەمك و زاراوەیەکی فەلسەفی و رەخنەیی هەبێت، بە کردەکی هەبووە.

سەرەتای بەکارهێنانی "زاراوەی (جیهانبینی) بۆ یەکەم جار لەلایەن ئیمانوێل کانتەوە (Immanuel Kant) (1804-1724) داهێنرا، بوو بە زاراوەیەکی سەرەکی لە جیهانی بیری ئایدیالیزم و ڕۆمانتیزمی ئەڵمانی، بە تایبەتی لە ساڵی 1840ەوە لە زمانی ئەڵمانی گەیشتە ئاستی لوتکەی بەکارهێنان، (جیهانبینی) ئاماژەیەک بوو بۆ تێڕوانین لەسەر ژیان و جیهان، هەروەها لە ساڵی 1830 ەوە ئەو زاراوەیە لە زمانەکانی دیکەی ڕۆژئاوا بەکارهێنرا، ئەوە لە کاتێکدا بوو، کە بەکارهێنانی زاراوەکە لە زمانی ئەڵمانی لە لوتکەی بەکارهێناندا بوو". (Wolters (1989), page 2)

داهێنانی زاراوەی جیهانبینی مشت و مڕی لەسەرە، بەڵام کۆکن کە لە فەلسەفەی ئەڵمانیایەوە هاتووەتە نێو زانستەکانی دیکەوە، سەرەتا هەر لەلایەن ئەوانیشەوە پەرەی پێدراوە "زاراوەی (جیهانبینی) لە فەلسەفەی ئەڵمانییەوە وەرگیراوە، سەرەتا واتایەکی گشتگیری هەبووە، بە واتای تێڕوانین بوو بۆ جیهان، بەڵام دواتر زاراوەکە لە بوارە جیاوازەکاندا بەکارهات، هەر دوو بیرمەندی ئەڵمانی (ویلهێلم دیلتای) (Wilhelm Dilthey) (1911-1833) و (کارڵ یاسپرس) (Karl Jaspers) (1883-1969) لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە چەمکی (جیهانبینی)یان کۆڵیەوە و گرنگیان پێدا". (Alessiato (2022)) page 397.

ئەو بۆچوونەش هەیە، کە "هێندێک زمانناسی ئەڵمانی ڤاهێلم ڤۆن هومبۆڵت ( WilihelmVon Humboldt 1767-1835) بە باوکی ئەم زاراوەیە دادەنێن و هەیشە دەڵێ: کانت (Kant) دواتریش هیگل (Hegel) بەکاریان هێناوە". (شەوڕۆ و سلێوە، 2017، ل 13).

د. بەختیار سەجادی لە کتێبی (فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەیی) جیهانبینی بەرانبەر بە Worldview بەکارهێناوە، هەروەها بۆ کورمانجییەکەش (Cîhanbînî) داناوە. (سەجادی، 2022، ل 482).

مەسعود بابایی، لە کتێبی هەقیقەت و جوانی زاراوەی (جیهانبینی) لە بەرانبەر (World view)ی ئەڵمانی بەکارهێناوە. (ئەحمەدی، 2008، ل 677)

هەروەها لە کتێبی (فەرهەنگی زاراوەکانی فەلسەفە و زانستە کۆمەڵایەتییەکان) لە بەرانبەر زاراوەی world view زاراوەی جیهانبینی دانراوە. (شەریفی، 2007 ، ل 359).

زاراوەی جیهانبینی لە کوردیدا، لە رووی زمانەوانییەوە وشەیەکی لێکدراوە، لە هەر دوو وشەی (جیهان) و (بینی) دروستبووە، جیهان بە مانا فراوانییەکەی، کە هەر شتێک لەسەر زەوی هەبێت دەیگرێتەوە، لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەی مام هەژاردا، جیهان بەرانبەر بە "دنیا" دانراوە. (هەژار، 1369 هەتاوی، ل 193)، هەروەها وشەی (بین) لە چاوگی (بینین) وەرگیراوە، پێکەوە بە واتای بینینی جیهان و تێڕوانین و دیدگای مرۆڤە بۆ شت و رووداوەکانی جیهان.

جگە لە جیهانبینی، هەر دوو زاراوەی (دنیابینی) و (ژیانبینی) هەن، جیهانبینی "لەڕووی واتاوە هەمان واتای وشەکانی (دنیابینی) و (ژیانبینی) دەدات. لەگەڵ بوونی جۆرێک لە تایبەتمەندی هەر وشەیەک، بەو واتایەی (دنیابینی) پتر ڕووکار و ناواخنێکی هزری و سیاسی پێوە دیارە، کەچی (ژیانبینی) گوزارشت لە ڕووە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکەی مرۆڤ دەکات. بەڵام دەتوانین واتای هەر دوو وشەکە لە زاراوەی (جیهانبینی)دا کۆبکەینەوە و سەرجەم ئەو واتا و مەبەستانەی ئێمە بگەیەنێت کە لە دوو وشەکەی تریشدا هەن". (ڕەسوڵ، 2013، ل 23).

لە زاراوەی جیهانبینی (بینین) بە واتای (ناسین) دێت، یان قۆناخی دوای بینین، ناسین و خوێندنەوە و راڤە و لێکدانەوەیە، جیهانبینی، تێڕوانینی مرۆڤە بۆ شتەکان، بۆ رۆژگار و شوێن و ڕووداو و سروشت و رۆشنبیری..

(بینین) تەنیا بە واتای ئەوە نایەت شتێک بە چاو ببینی، بەڵکو بە واتای ناسینی شتێک و خوێندنەوە بۆ شتێک دێت، وەک چۆن لەنیو خەڵکدا بە یەکدی دەڵێن: (ئەو شتە چۆن دەبینی؟) بە واتای ئەوەی خوێندنەوەت بۆ ئەو شتە چییە، نەک چۆن بە چاوی سەر دەیبینی.

جیهانبینی بە بینین و هەستکردن دەستپێدەکات و پاشان بەرەو گومان و بیردکردنەوە و تێرامان دەچێت و تاوەکو دەگاتە باوەڕ.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەو وشانەی کلیلی جیهانبینییە و بیری کەس و شاعیر و نووسەری پێدەناسرێتەوە، پێکهاتوون لە : گومان، باوەڕ، ئەقڵ، بیرکردنەوە، تێڕامان، بینین، ناسین، تێگەیشتن، زانین، بۆچوون، هەستکردن.. تێڕوانین، دیدگا، ڕۆئیا، تێڕامان، دووربینی، دنیابینی، ژیان بینی.

## 4- پێناسەی جیهانبینی:

هەموو ڕەوتێک بنیاد و ڕەگ و ڕیشەی خۆی لەسەر کۆمەڵێک ڕوانین داناوە، بەو ڕوانینە دەگوترێت: جیهانبینی، لە سەر ئاستی تاکەکەسیش، ئەو بیروباوەڕەی مرۆڤ هەیەتی، جیهانبینی کەسێک دەردەخات، یان جیهانبینی خۆی لەو بیروباوەڕە وەردەگرێت، کە باوەڕی پێیەتی، کەسێکی پابەند بە ئایین، لە دیدگای ئایینەکەیەوە بۆ شتەکان دەڕوانێت، کەسێکیش پابەند بە ئایدیۆلۆژیایەک بێت، لە ڕوانگەی ئایدیۆلۆژیاکەیەوە لە جیهان دەڕوانێت.

لە فەرهەنگی کاوەدا هاتووە: جیهانبینی: "بۆچوونی کەسێک لەسەرکاروباری جیهان، تێڕوانینی کەسێک لە جیهان". (ئیبراهیمی، 2012، ل 587).

جیهانبینی، هەموو تێڕوانینە فیکری و ئایدیۆلۆژی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەخۆی، کە شاعیران و نووسەران بەرامبەر بە گەردوون و سرووشت و ژیان و کۆمەڵگە هەیانە.

جیهانبینی: "بۆچوون و تێڕوانینی کەسێکە یان کەسانێکە یان گروپێکە یان ڕێچکە و ڕێبازێکە، سەبارەت بە چەمکەکانی ژیان، کە ئەو کەسە چۆن بیر لە بابەتێکی دیاریکراو دەکاتەوە ، بە بینین و بۆچوونی ئەو کەسە ئەو بابەتە چی دەگەیەنێ؟ لەسەردەمی ئێستاماندا جیهانبینی چەندین ڕێچکەی جیاوازی وەرگرتووە، کە شێوازی بیرکردنەوەی کەسەکان دەخاتەڕوو". Diederik Aerts and .etc, 1994 ,05

جیهانبینی شتێک نییە کە لە خۆڕسکەوە دروست بێت، ئەنجامی ژیانی ساڵانی تەمەنە، ئەنجامی خوێندنەوەیە بۆ ڕووداوەکانی سەردەم "جیهانبینی دەرهاویشتەی، یان بەرهەمی کاردانەوە و ئەزموون و خودڕەخنە و بەبەرەکانی دەروونی خود و ئەزیەت و مەشەقەتێکی نەبڕاوەی قۆناغەکانی تەمەنە. جا ئەو توخمانە هەمیشە وەک ژیان، لە گۆڕانکاریدان. ئاساییە کە جیهانبینی کەسەکانیش لە گۆڕانکاری دابن". (شەوڕۆ و سلێوە، 2019، ل 62).

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جیهانبیینی، جگە لەوەی بە پێی کەسەکان دەگۆڕێت، بەڵکو بەپێی شوێن و سەردەم و دەسەڵاتەکانیش دەگۆڕێت: "دەکرێ باس لەوە بکەین چەندین فاکتەر هەیە وا دەکات جیهانبینی لە ڕوانگەی بیروباوەڕێکەوە یان شێوازی بیر کردنەوە یان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر یان لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر بگۆڕێت، بۆ نموونە جیهانبینی شاعیران و ئەدەبدۆستانی سەردەمی ستالین جیاوازە لە سەردەمەکانی گۆرباتاچۆڤ یان جیهانبینی نووسەرێکی کۆریای باکوور جیاوازە لە جیهانبینی نووسەرێکی کۆریای باشوور یان ئەوروپی یان وڵاتانی ڕۆژهەڵات". Diederik Aerts and etc,1994 ,06.

## 5- جیهانبینی لە شیعر و ئەدەبدا :

لەگەڵ ئەوەی جیهانبینی چەمکێکی فەلسەفییە، بەڵام لەنێو لێکۆڵینەوەی ئەدەبیشدا جێگەی خۆی کردووەتەوە، جیهانبینی لە ئەدەبدا بەو واتایە نییە، کە شاعیر و ئەدیب فەیلەسووفن، یان دەبێ ببنە فەیلەسووف، بەڵکو قسە لە سەر جۆری بیرکردنەوەیانە، دەقی ئەدەبی ڕوانینە بۆ دنیا، شاعیر و ئەدیبان خاوەنی تێڕوانین و جیهانبینی خۆیانن.

"جیهانبینی وەک زاراوەیەکی فەلسەفی پەڕیوەتەوە ناو بواری رەخنەی ئەدەبی و وەک یەکێک لە بنەماکانی میتۆدی بونیادگەری پێکهاتەیی دەرکەوتووە، بە کاریگەری ڕاستەوخۆی ئەدەب و رەخنەی ئەدەبی نەتەوەکانی دەوروبەر و کاریگەری ناڕاستەوخۆی ئەدەبی ئەوروپی، ئەم میتۆدە و بنەما و بنچینەکانی لە رەخنەی کوردیشدا ڕەنگیداوەتەوە و خۆی چەسپاندووە". (حەوێزی، 2014، ل 59).

دەقی ئەدەبی ڕوانینی نووسەرە بۆ دنیا، لە جیهانبینی تێگەیشتنی شاعیر بۆ تێگەیشتن لە ژیان دەردەکەوێت، کە چۆن ڕوانیویەتە ژیان و کۆمەڵگە و دیاردە و ڕووداو و سیاسەت، نەتەوە و ئایین.

جیهانبینی کۆتێڕوانینی شاعیرە بەرانبەر بە دنیا، بەرانبەر بە ڕووداوەکان، بەرانبەر بە مێژوو و شارستانییەت.

## 6- نەتەوەکان لە جیهانبینیی سالمدا:

ئەگەر پێشبینیکردنی بۆ جیهان بەشێک بێت لە جیهانبینی تاک، ئەوا جیهانبینی سالم بۆ داهاتووی کورد لەنێوان تورک و فارس و عەرەب ئەو نەتەوانەی دەوروبەری کورد، پێشبینییەکی دروستبوو، ئەو لە

هەموویان بێ ئومێد دەبێت، ئەوە لە کاتێکدا ئەوکات چەترێکی نەتەوەکان بە ناوی (ئوممەتی ئیسلامی) و خەلافەتەوە هەبوو، ئەو ڕۆژگارانەی لە دوای سالمەوە هاتن، تاوەکو ئێستا دەرخەری ئەو ڕاستییە بوون، کە ئەو نەتەوانە بۆ کورد مایەی دەرد بوون.

سالم جیهانبینییەکی سیاسی کوردانەی هەبووە، پاڵپشتی میرنشینی بابانی کردووە و دوای ڕووخانی بابانیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پاڵپشتی میرنشینی ئەردەلانی کردووە، لە هەموو شاعیرانی سەردەمەکەی جیاواز بووە و ڕوونتر باسی کێشە نەتەوەییەکانی کردووە.

سالم شاعیرێکی هەستیار بووە بە کێشە نەتەوەییەکانی، ئەوە خەسڵەتی دیاری شیعری سالمە، بۆیە لە هەر نەتەوەیەکی ڕوانیبێ، پرسیارەکە بۆ سالم ئەوە بووە، ئەوان بەرانبەر کورد چۆنن، جیهانبینیی سالم بۆ نەتەوە دراوسێکانی کورد هێندەی کاردانەوە بووە، هێندە خوێندنەوەی قووڵ بۆ تایبەتمەندی ئەو نەتەوانە نەبووە.

نەتەوەکان لە شیعر و جیهانبینیی سالمدا پانتاییەکی فراوانیان گرتووە، بە پلەیەک باسی ڕۆم و تورک، عەجەم و فارس، پاشان عەرەب و تورکمان و ڕووس و و ئینگلیز و ئەرمەن و تاتار دەکات، هەروەها ئەو ئاینانەی کە ناسنامەیەکی نەتەوەییان هەڵگرتووە لە جوو و ئێزدی و داسنی (ناوێکی دیکەی ئێزدی) لە یەک هەڵومەرجدا ناویانی هێناوە.

تێڕوانینی سالم بۆ نەتەوەکان لە ڕوانگەی هەڵوێستی ئەوانە بەرانبەر بە کورد، شیعرەکانی سالم باسی نەتەوەکانی دیکەیە لەگەڵ کورد، چیرۆکی ئەوانە لەگەڵ کورد، کە ناوی نەتەوەکانی دیکە دێنێ، هەر بۆ خاتری کورد ناویان دێنێ، کاتێک ڕۆم و عەجەم خراپ پیشاندەدا، واتا بۆ کورد خراپ بوونە، هەر بۆیە پێش ڕووخانی میرنشینی بابان هیچ شیعرێکی سالم نابینرێت، بە ڕوون و ئاشکرا هێرش بکاتەوە سەر نەتەوەکان و هەڵوێست و بۆچوونی خۆی لەسەر بە شیعر دەرببڕێت.

## 7- ڕۆم و تورک لە جیهانبینیی سالمدا:

ئەوەی وەک تایبەتمەندی و بیری سالم دەردەکەوێت، ئەو ڕوانگەیە کە بۆ دەوڵەتی عوسمانی و کار و کردەوەی تورک بەرانبەر بە میرنشینی بابان هەیبوو، تورک کە بوونە هۆکاری ڕووخانی بابان، لەسەر دڵ و دەروونی سالم بووە گرێیەک و هەمیشە وەکو نەتەوە و وەکو نیزام، لە سیاق و هەڵومەرجێکی نەرێنیدا لە شیعرەکانیدا هاتووە.

تورک کە نەتەوەی سەردەست و حوکمڕانی 700 ساڵی نیشتمانی موسڵمانان بوونە، زۆر لە شیعر و ئەدەبیاتی نەتەوەکانی ئەو ناوچەیەدا هاتووە، نەتەوەی سەردەست لە باشترین کاتیدا وەک ستەمکار دەردەکەوێت و چ جای ئەوەی نەتەوەیەکی سەرکوتکەر بێت. "نەک تەنیا لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، بەڵکو لای زۆربەی شاعیرانی کلاسیکی فارسیش، وشەی (تورک) بە واتای (غەددار) و (ستەمکار) و (زاڵم) بەکارهاتووە، ئەم سیفەتەش هاوواتای (یاری ستەمکار) و (دۆستی جەفاکار) بووە". (پیرباڵ، 2011، ل 111).

د. محەمەد نوری عارف لە فەرهەنگی دیوانی شاعیران (نالی – سالم- کوردی)دا، زاراوەی (تورک) و (ڕۆم)ی لێکجیاکردووەتەوە. "تورک: مەبەست دڵبەر، یار، خۆشەویست، یاری دڵڕەق، یاری شۆخ و شەنگ و جوان"ە. (عارف، 2009، ل 216)، بەڵام واتای (ڕۆم)ی بەو شێوەیە شیدەکاتەوە: "سەرباز و چەکدارە هیچ و پووچەکانی لەشکری عوسمانی". شیدەکاتەوە. (عارف، 2009، ل 470).

تورک لای سالم دوو مانا و دەلالەتی جیاواز دەدات، لە یەکەمیاندا زیاتر بە وشەی (ڕۆم) هاتووە، لەوێدا وەک دەسەڵاتێکی داگیرکەر و نیزامی عوسمانی و سەربازێکی بێ بەزەیی و گەلێکی دڕەندە هاتووە. "بە تورکی عوسمانلی گوتراوە (ڕۆم). چونکە ئەوان هاتوونەتە سەر هەوار و وڵات و مەملەکەتی ڕۆمی ڕۆژهەڵات و پایتەختەکەشیان (قوسطەنطینیە) خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیان، واتە (تورک) بوون بە میراتگری (ڕۆمەکان) و بۆیە لای گەلانی ڕۆژهەڵات بە (ڕۆم) ناو دەبرێن". (دەشتی، 2021، ل 231-232).

لە وێنەی دووەمدا زیاتر وشەی (تورک) هاتووە، لەمیاندا بۆ وەسفی جوانی یار و چاوی یار و یاری ستەمکار و ڕووخساریی سپی یار هاتووە. لە ئەدەبیاتی کۆنی کوردی و ئەو ناوچەیەدا وشەی (تورک) جگە لە نەتەوەی تورک دەلالەتێکی دیکەی هەبووە: "تورک بەهۆی دەسەڵات و سرووشتی خۆیان هەمیشە داگیرکەر و ستەمکار بوون لە هەمبەر نەتەوەکانی تر، بۆیە ئەم سیفەتە (سیفەتی تورک بوون) دراوەتە پاڵ ئەو کچانەی کە کوڕە دڵدارەکانی خۆیان دەسخەڕۆ دەکەن یان ئازاریان داون". (پیرباڵ، 2011، ل 112).

بۆ وەسفی یارێکی جوان و دڵڕەق سوود لە وشەی (تورک) وەرگیراوە، بۆیە "تورک: لە شیعری کلاسیکی فارسی و کوردیدا، وەکو مۆتیڤێکی زۆر بڵاو، بۆ کچ و یار و دڵخواز و مەعشووق بە چەندین وەسفی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جۆراوجۆرەوە بەکاردێت. لە ناوەڕۆکسازی غەزەل وەکو ئاماژە بە (یار و دڵخواز)، لە پێشەوەی هەموو بابەتەکانە. تا وای لێ هاتووە (مەعشووق)ی غەزەل هەمیشە وەکو (تورک)ێکی خاوەن خەسڵەت و تایبەتمەندیی تایبەت وێنا بکرێت". (دەشتی، 2021، ل 222).

جگە لەوەی تورک نەتەوەیەکی سەردەست و بە زەبر و دڵرەق بوون بەرانبەر بە نەتەوەکانی دیکە، هەروەها کچانی تورکیش جوان بوون و لە ناوچەکەدا ناسراو بوون، ئەو گێڕانەوەش هەیە، کە "لە سەدەکانی سەرەتای مێژووی ئیسلامەتی (غولام و کەنیزەک)یان، لە ناوچەکانی (تورکستان)ی کۆنەوە دەهێنا بۆ ئێران.. پاشاکانی سامانی و غەزنەوی بایەخی زۆریان بە شاعیران دەدا و مەسەلەی خەڵاتکردنیان و بەخشینی غولام و کەنیزەک پێیان بەشێک بووە لەو پەیوەندییەی نێوایانیان.. ئیتر مەعشووقێک کە لە غەزەلدا دێتە گۆڕێ هەمیشە (تورک)ە، لێرەدا (تورک) سیما و ڕوخساری جوانێک وەردەگرێت". (دەشتی، 2021، ل 223).

لە شیعری سالمدا بە سەدان بەیت و دەیان غەزەل و قەسیدە لەسەر چەمکی (تورک و ڕۆم) وەستاوە، باسی هەڵویست و داگیرکاری عوسمانی کراوە، لە هیچ کامیاندا وەک نەتەوە وێنەیەکی باشی پێ نەداوە، وەک ئەوەی هیچ باشییەک لەو نەتەوەیەدا نەبێت، یان سالم لەسەر هەر کارێکی باشی ئەوان چاوی داخستبێت، یان لەو کاتەدا بەرانبەر بە میرنشینی بابان خراپەیان هێندە زۆر بووبێت، گۆشەیەکیان نەهێشتووەتەوە تێدا لایەنە ئەرێنییەکەی دەربکەوێت.

کەم چەمک هەیە هێندەی تورک لای سالم دووبارە ببێتەوە، ئەوە دەرخەری ئەوەیە لە جیهانبینیی سالمدا چ دنیایەکی گەورەی داگیرکردووە. سالم لە دیوانەکەیدا 79 جار وشەی (تورک و ڕۆم)ی بەکارهێناوە، بەو شێوەیە: (36 جار وشەی ڕۆم (28 ڕۆم - 8 ڕووم وەک لە ڕێنووسی دیوانەکەدا هاتووە)، 32 جار وشەی تورک، 4 جار ئەتراک، 3 تۆران (تووران)، 3 تورکمان، 1 تورکستان).

سالم وەک بەشێک لە شاعیرانی هاوچەرخی خۆی، هەر کاتێک بیەوێت باسی دەسەڵاتی تورکەکان بکات، زیاتر (ڕۆم) بەکاردێنێ، (ڕۆم و تورک) لە جیهانبینی سالمدا هێمای شەڕ و کوشتارە (گرمەگرمی تۆپی ڕۆمی)، هێمای پیاوی ترسنۆک و فێڵکردنە (کەیدی ڕۆم)، هێمای چارەڕەشی خەڵکە (ڕۆمی شووم)، هەروەها هێمای موسڵمانێکی ڕیاکارن (تورکی ڕیاکار)، دوژمنی هونەریشن (تورکی بێ هونەر).

## 8- ترسنۆکی تورک:

لە ڕوانگەی سالمەوە تورک و سوپای عوسمانییەکان سەربازانی ترسنۆکن، بەراورد بە کورد کەسانی ئازا نین، لە چەندین بەیتدا سالم خوێندنەوە بۆ هێزی تورکەکان دەکات، لە تێڕوانینی ئەودا تورک نەتەوەیەکن هەموو هێزیان لە گەلەکۆمە کردنە، یەک دەگرن و بەرانبەر کەسێکی تاک و تەنیاش بێت بە کۆمەڵ دەجەنگن، ئەوە نهێنی سەرکەوتنیانە، وەک چۆن چەقەڵ بە مێگەل دەتوانن بەرانبەر شێر و دڕندەکانی دیکە بوەستنەوە، ئەگینا بە تەنیا بوێرییان نییە، لەگەڵ هاوتاکانیان شەڕ بکەن:

ئیختیراعی تورک لە دڵدا مەشقجۆی شێوەی شوغال

یەککەتازی کورد لە دونبالی وەکوو شێری ژیان (سالم، 2015، ل 537)

سالم بە چاوی سووکەوە سەیری تورکەکان دەکات، پێیوایە شایەنی ئەوە نین، لەسەر خاکی کوردان فەرمانڕەوایی بکەن، بەڵام ستەمی زەمانە وایکردووە ئەوان حاکمی کوردان بن، شاعیر لەگەڵ دڵی خۆی دەدوێت: ئەی دڵ چاو هەڵبڕە و پەند لە دنیای هیچ و بێ بەها وەربگرە، ببینە تورکی بەدکاری وەک فەلەک چی بە کوردزمانان کردووە، شاعیر لە (دەهری دوون)دا، مەبەستی ڕۆژگاری بێ مروەت و هیچ و بێ ماهیەتییە، هیچ پێوەرێک نییە بۆ وەرگرتنی هەق، هەروەها سالم لە ڕێگەی زاراوەی (کوردزوبان)ەوە، هەستی قووڵی نەتەوەیی خۆی دەردەخات:

چاوی عیبرەت هەڵبڕە، ئەی دڵ! لە وەضعی دەهری دوون

سەیر کە سا تورکی فەلەک چیی کرد بە زومرەی کوردزوبان (سالم، 2015، ل 527)

لەو بەیتەدا تورکی فەلەک، کە بەدکارە و لە چاپێکی دیوانەکەی گیوی موکریانیدا، بە تورکی (دەڵەک) هاتووە، دەڵەک (سەگی مێ کە بەباهاتبێت) مەبەستی (تورک)ە، کە وایدەبینێت کەسانی سووک و هیچ و پووچن.

سالم لە دڵی دەرناچێت و درێژەی پێدەدات، چۆن دەکرێت هێزێکی ترسنۆک بچنە سەر تەختی بابان و حوکمی ناوچەکە بکەن، بۆیە ئەوە وەک ئەفسانەیەک دەبینێت، مەگەر (ڕۆم) ئەنگوستیلەی حەزرەتی سولەیمانیان دەستکەوت بێت، ئەوها لە ناکاو هەموو شت کۆتایی بێت و دێوی هیچ و پووچ حوکمی سلێمانی بکەن:

حاکمە ڕۆمی لەسەر تەختی (سولەیمانی)، درێغ!

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەوتە دەستی دێوی دوون موهری سولەیمان، (الأمان))   (سالم، 2015، ل 528)

شاعیر ڕەتیدەکاتەوە، کە تورک لەبەر ئازایەتی وڵاتان بکەوێتە ژێر دەستیان و بەسەر بابانیشدا زاڵ بووبن، بەڵکو بەهۆی سستی و بێ بەختی عەشیرەت و بابانەوە بوو، وا دەرکەوت کە تورکەکان گورجوگۆڵ و چاپووکن:

کەس نەڵێ ڕۆمی لە تەسخیری مەمالیک چابوکن

سستییی بەختی عەشیرەت بوو بە چالاکیی ئەوان!   (سالم، 2015، ل 536 )

ئەمجارە سالم لە چاوی تورکەکانەوە سەیری بابانەکان دەکات، کە بابان لە چاوی ڕۆمی عوسمانی چۆنن، بۆ ئەوە سالم سوود لە ناوی چەند کەسایەتییەکی دیاری نێو مێژووی ئێران وەردەگرێت، ئەگەر بابانەکان جەستەی پۆڵاینی وەک (سام)ی پاڵەوانی کوڕی نەریمانی باپیرەی ڕۆستەمی زاڵیان هەبێت، یان سام و هەیبەتی نەریمانی باپیری ڕۆستەمی زاڵیان هەبێت، کەچی لای ڕۆمی هەر وەکو گەڕ و گول و بێ نرخ دەردەکەون:

بە نامەردی سەراسەر میثلی گەرگینن لە لای ڕۆمی

ئەگەر ڕووبین تەنی عەهدن، وەگەر سامی نەریمانن   (سالم، 2015، ل 585)

سالم لەو بەیتەدا لەڕووی سایکۆلۆژییەوە خوێندنەوە بۆ تورکەکان دەکات، کە چۆن بەسەر بەرانبەرەکانیان زاڵ دەبن، ئەویش لە ڕێگەی بە کەم سەیرکردنی هێزی دژبەریانەوەیە، ئەگەرچی سەربازانی بابان بە کەسانی ئازا ناسراوبوون، بەڵام لە چاو عوسمانییەکان هێزێک نەبوون بەهایان بۆ دابنێن.

## 9- شوومی تورک:

لەو شیعرانەی سالم کە باسی هێرشی ڕۆم بۆ سەر بابان دەکات، وێنەیەکی تراژیدییانەی ترسناک بەرجەستە دەکات، وێنەی سەرزەمینێکی تاریک و دنیایەکی پڕ لە تەپوتۆز، کە بۆنی خوێن و مەرگ شاری پڕ کردووە.

سالم لەو قەسیدەیەدا عوسمانییەکان بە (ڕۆم)ی داگیرکەر ناودەبات، لە دنیابینیی سالمدا تورک نەتەوەیەکی شوومن، لە هەر خاکێکدا حوکم بکەن، جگە لە خۆیان بۆ هەموو شت بەڵان، سالم باسی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەو ڕۆژگارە دەکات کە دەبنە حاکمی ڕەهای سلێمانی، ژینگەی شارەکەش تێکدەچێت و و گژوگیا و درەخت و سەوزایی و حەوز و گۆلاوەکانی وشکدەبن:

تا بوو بە جایی مەطلەعی خورشیدی موڵکی ڕۆم

سووتا گیاهی تیشنەوو خوشکیدە بوو شەمەر (سالم، 2015، ل 334)

حەوزی خانەقاکە کە وەکو چاوەکانی ئەو ڕوون بوون و لەگەڵ حوکمی ئەواندا ئاوەکەی گۆڕاوە و لیخنە، وەک دڵی کەسانی مەرد بە خەم و لێڵ بووە:

ئەو حەوضە پڕ دەبوو کە وەکوو چاوەکانی ئەو

تەغییرە ئاوی وەک دڵی مەردانی پڕ کەدەر (سالم، 2015، ل 335)

لەو ڕوانگەی بەرانبەر بە تورکان هەیبووە، سالم شار و وڵاتەکەشیان بە شووم و فیتنە دەزانێت، شاعیر لە قەسیدەی پیرۆزبایی گەڕانەوەی عەبدوڵڵا پاشای باباندا لە ئیستەنبوولەوە بۆ کوردستان، باسی ڕێگای ئیستەنبوول دەکات، ڕێگایەک پڕ لە ئاشووب و بە گێچەڵ و فیتنەیە، مەگەر هەر پیاوێکی وەک عەبدوڵڵا پاشا بە شەڕێک لێی ڕزگار بێت، نەک بە حەوت شەڕ (هەفت خوان: داستانێکی شانامەیە ، ڕۆستەم لە ڕێگەی مازەندەران، کاتێک چووە بۆ ڕزگارکردنی کەیکاوس ، تووشی حەوت شەڕ بووە (سالم، 2015، ل 835)):

فیتنەخێزە ڕاهی قوسطەنطنین بە میثلی هەفتخوان

ئەم بە هەر خوانێ وەکوو ڕووبین تەن ئاسان هاتەوە (سالم، 2015، ل 835)

## 10- ئایینی ڕیاکاری تورک:

کاتێک عوسمانییەکان خۆیان وەک سیمبولی ئایینی پیشانداوە، بە ناوی ئایینەوە حوکمیان کردووە، سالم دێ لەو پێگەیە دەدا، ڕووی ڕووکارانەی تورک پیشاندەدا، لە بەرانبەردا ڕابەرێکی  ئایینی کورد زەق دەکاتەوە، وەک ئەوەی کورد کێی هەیە و ئەوان چۆنن! وەک ئەوەی بڵێ چیدی ئاینداری بە کورد نەفرۆشنەوە، سالم بۆ ئەو دیدگایەی خانەقای مەولانا خالیدی ڕابەری تەریقەتی نەقشبەندی دەکاتە نموونەیەکی بەراوردکاری بۆ دوو سەردەمی جیاواز، سەردەمێک بەرلەوەی عوسمانییەکان دەستیان پێی بگات، ئەوسا جمای دەهات لە فەقێ و مەلا و خوێندەوار، خانەیەکی پڕ لە زانست بوو، کەچی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاتێک خانەقا بووە جێی تورکە ڕۆمییەکان، هەر بەناو موسڵمان بوون، غافڵ لە دین و خواناسی ڕیاکارەیان دەرکەوت:

جێی تورکەکانی ڕۆمە دەر و ژووری (خانەقاهـ)

غافڵ هەموو لە جایی موریدانی باخەبەر (سالم، 2015، ل 335)

لە بەیتێکی دیکەدا حاڵی پیاوچاکانی کورد بە دەستی ڕۆمەکانەوە پێشاندەدات، کە تورکەکان هەر بەرانبەر بە دەسەڵاتدارانی بابان جەلاد نەبوونە، بەڵکو بەرانبەر بە پیاوچاکان و سەید و سۆفییەکانیش دەست بە قامچی زاڵم و و زۆردار بوونە، بۆیە سۆفی دوور لە دنیاش لە ترسی قامچی سەربازانی ڕۆم، سەری خۆیان هەڵگرتووە و چوونەتە مەریوان و بە تەمای کۆکردنەوەی گەزۆ و چنینی مازوو بوونە:

لە بیمی تازیيانەی مەردی ڕۆمی، سەیید و صۆفی

بە ئومیدی گەزۆ و مازوو لە بن داری (مەریوان)ن (سالم، 2015، ل 583)

پاشان باسی (حوجرە) دەکات، کە هێمای خوێندن و فەقێیاتی و مەلاکان بوو، یاران و فـەقێیـانی حـوجـرە هێندە ژمارەیان زۆر بووە، لەو دەشتە بڵاوبوونەتەوە یارییان کردووە و ڕایانبواردووە، وەک پارچـەیەک لە بەهەشت دەرکەوتووە، کەچی لەگەڵ چوونی جەندرمەی تورک، هیچ خۆشییەک نەما و بوو بە دۆزەخی دنیا:

ئەو دەشتە جایی یاریی یارانی حوجرە بوو،

یەکسەر مەقامی ڕۆمییە هەروەک تەهی سەقەر (سالم، 2015، ل 335)

سالم نموونەیەکی دیکە دێنێتەوە بۆ پیشاندانی شوومی ڕۆمی، لە جیهانبینیی سالمدا تورک سەرچاوەی هەموو نەگبەتییەکی سەردەمەکەیەتی، ئەمجارە سالم خەڵکی ئاسایی دێنیتە نێو هاوکێشەکەی، کە ئەوسا خەڵک زیاتر هۆگری گۆڕی پیاوچاکان بوون، شێخەباس: گۆڕی شێخێک بووە لە سلێمانی، خەڵک وەک زیارەتگایەک سەردانیان کردووە، ئەو گۆڕەی سەرچاوەی ئارامی خەڵک بووە، کەچی لەگەڵ هاتنی تورکەکان، ئەو بەرگ و قوماشە سەوزەی بە شێخەباس دادرابوو، کە هەیبەتێکی بە گۆڕەکە دابوو، ئەویش دڕا، چونکە ڕۆمی هێندە شوومن زیان لە شەخس و قەبریش دەدەن:

زستانی ئەووەڵین بوو دڕا بەرگی (شێخەباس)

ڕۆمی ئەوەندە شوومە لە شەخصیش دەخا ضەرەر (سالم، 2015، ل 336)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەر لەگەڵ باسی تێکدانی گۆڕدا، سالم باسی سیفەتێکی دیکەی تورکەکان دەکات و بە (تورکی بێ هونەر) ناویان دەبات، وەک ئەوەی دوژمنی جوانی بن، ڕقیان لەوە بێتەوە خەڵک بۆ دڵخۆشی خۆیان شوێنێک برازێننەوە، وەک ئەو بەردانەی بە وشکەکەڵەکی کرابوونە شوورەی گۆڕەکە، (تورکە بێفەڕەکان) بە دارەکەیدا دەدەن و تێکیدەشکێنن:

ئەو بەردەکانی ناوی نرا قصنی شەخصەکەی،

دایان بە شاخی دارەکەیا تورکی بێ هونەر (سالم، 2015، ل 337)

بەکارهێنانی (تورکی بێ هونەر)، دەکرێت ئەوەشی لێ بخوێندریتەوە، کە سالم دەیەوێت وەڵامی ئەو نەریتە کۆنە بداتەوە، کە لەنێو ئەدەبیاتی فارسی و تورکی و لەنێو فەقێیانی کوردیشدا باو بوو، کە (فارسی شکر است، ترکی هنر است) واتە: (فارسی شەکرە و تورکی هونەرە) ، وەڵامەکەی سالم ئەوەیە، ئیدی تورک نەک هەر ئەهلی هونەر نین، بەڵکو بێ هونەر و دژی هونەر و جوانین.

کاتێک تورک بێ هونەر بێت، هەر دەبێت دژی هونەر و جوانیش بێت، هەر بۆیە هونەرمەندانی شێربەزێن و دەست و مەچەک بەهێز، کە فیلیشیان بە زەوی داداوە، کەچی لە ترسی تیرهاوێژانی تورک، وەک ڕێوی هەڵاتوون:

هونەرمەندانی شێرئەوژن، قەوی دەستانی پیل ئەفگەن

لە ڕووی غەوواصی ئەتراکا وەکوو ڕووبەهـ گوریزان (سالم، 2015، ل 583)

کاتێک تورک دژی هەموو جوانی و کەلتوور و هونەر و ئایینی بابان بێت، بۆیە سالم بە هەموو شتێکی تورکان دڵی توند دەبێت، نایەوێ گوێی لە دەنگیان بێت و ڕەنگیان ببینێت، ئەوان بە سەرچاوەی لەنێوچوونی هەموو جوانییەکی موڵکی بابان دەزانێت، دوو دیمەن بەراورد دەکات، وەک دەرخستنی ناشرینی (ڕۆم)ەکان، ئەو کانی ئاسکانەی سەردەمانێک جێ و مەکانی ئاسک بوو، لەگەڵ هاتنی ڕۆمەکان ئیدی نمایشی ئاسکەکان تەواو بوو، مەگەر هەر کەر لەسەر کانییەکان ببینرێت، یان ڕۆم و نۆکەرانیان وەک کەر دەردەکەون:

ئەوسا مەکانی ئاسکە بوو (کانیی ئاسکان)

ئێستە لە دەنگ و ڕەنگی ڕۆمی پڕە لە کەر (سالم، 2015، ل 337)

## 11- ڕۆم و فێڵ و تەلەکەبازی:

ئەو کاتەی تورکەکان حوکمی سلێمانییان کردووە، سالم وایدەبینێت کە هەموو کاریان بە فێڵ و تەڵەکەبازی کردووە و بناغەی کارەکەیان چاوبەستەکردنی خەڵک بووە، هیچ هەنگاوێکیان بۆ دابینکردنی بژێوی خەڵک نەبووە، ئاشی زەمانە بە ئاوی فرِوفێڵ و دەستبرِیی تورکان گەڕا :

بۆ مەداری نانی عەشرەت، قەت مەدارێکی نەبوو

ئاشەکەی طەبعی بە ئاوی کەیدی ڕۆمی هاتە دان    (سالم، 2015، ل 549)

ئەمجارە سالم باسی سیفەتێکی خراپی کۆمەڵایەتی سەربازە تورکەکان دەکات، بە کەسانی دز و بەرگریکار لە دز ناویان دەبات، کە وایان پیشانداوە شەوان وەک پاسەوانی گیانی خەڵک بە دوای دزدا دەگەڕێن، کەچی خۆیان دز بوونە و وەک ئاگر بەربوونەتە سەر ماڵ و سامانی خەڵک:

تا دوزدجۆی نیمەشەبن تورکی بێ نیظام

دوزدن هەموو لە خەرمەنی مونعیم وەکوو شەرەر    ( سالم، 2015، ل 338)

## 12- (تورک) وەک جوانی و شۆخی یار:

کەم شاعیری کورد هەیە، هێندەی سالم سیفەتی (تورک)ی بۆ یار بەکارهێنابێت، تورک لە بیری سالمدا بەردەوام ئامادەیی هەیە، لەنێو دێڕەکانیدا جێگەیەکی زۆری گرتووە.

مەبەست لە (تورک) لە شیعری کۆندا بەرانبەر بە یار گەلێک مانا و دەلالەت دەدات: "لە شیعری کلاسیکیدا سیما و ڕوخساری مەعشووق، کە لە بناغەدا سەربازێکی تورک بووە، هەمیشە لە ئاکارێکی سەربازیدا نیشان دەدرێت: بەواتە ئەبرۆی کەوان، موژەی وەک خەنجەر و زوڵفی کەمەند و نیگای وەک تیرە، خوو و ڕەوشتیشی هەمان ڕەوەشتی سەربازانی تورکە، خوێنرێژ، ستەمگەر، جەفا پیشە و غارەتکەر و پەیمان شکێن و بەدمەست، ئەمە وەکو کلێشە بە هەموو مەعنا و دەلالەتێکەوە پەڕیوەتەوە بۆ ناو شیعری کوردی". (دەشتی، 2021، ل 223).

سالم لە 21 بەیتدا (تورک)ی بەرانبەر بە جوانی و ستەمی یار بەکارهێناوە، لەو کۆنتێکستەی بەکاریهێناوە، دەردەکەوێت لە هەموویاندا مەبەستی دڵرەقی و جەفاکاری دڵبەرە، وەک لەو دەستەواژانەی دیوانەکەیدا هاتووە: "ئەی تورکی سیمین بەر (زیوین و سپی)، ئەی تورکی غارەتگەر

(تاڵانکەر)، ئەی تورکی کافر، تورکی تیر ئەفگەن (تیرهاوێژ)، تورکی زرەهپۆش (زرێپۆش)، تورکی مەست، تورکی چاوت، تورکی چاوی مەستی یار، ئیمای تورکی دیدەت، تورکی دیدەیی مەستت..". هەروەها سالم لە 2 بەیتیشدا (ڕۆم)ی هاوتای (تورک) بۆ وەسفی جوانی بەکارهێناوە. ئەو سیفەتە سەربازییانەی دەیداتە پاڵ یار "لە شیعری سالمدا ئەم یار و دڵخوازە تورکڕەفتارە جەفاکارە، لەگەڵ حاکم و دەسەڵاتدار، یان سەرباز و جەنگاوەری تورکی ڕاستەقینە (سەر بە دەوڵەتی عوسمانی) تێکەڵاو دەبن". (دەشتی ، 2021، ل 223-224).

لە شیعری سالمدا (تورک) لە کۆنتێکستێکدا دێت، کە باسی جوانی و ستەمی یار بکات، لە بەیتێکی سالمدا (تورکانە) دەلالەت لە دڵرەقی و دەست هەبوون لە کوشتن دەکات، (تورکانە) وەک هەموو ئەو وشە کوردییە دروستکراوانەیە، کە سیفەتێک پیشاندەدات، وەک: دڵڕەقانە، بێ ڕەحمانە، ناپیاوانە، نامەردانە..

لە بەیتێکدا سالم ڕوو لە یاری دەکات و پێی دەڵێت: دەزانم خۆت ئامادە کردووە، وەک ئەوەی چەکت (تورکانە) بەستابێت و لەو کاتەی من مەستی جوانیت دەبم، بێی بمکوژی، بەڵام تاوێک بوەستە، تا پێش ئەوەی تۆ دەستی خۆت بوەشێنی و بمکوژی، من کاری خۆم بکەم و دەست و شمشێرەکەیشت ماچ بکەم. سالم هێندە مەستی یارە، کوشتنیش بە دەستی یاری جەفاکار بە خۆشبەختی دەزانێت و سوپاسی دەکات:

میانت بەستووە، تورکانە، بۆ قەتڵم لە مەستیدا

تەحەممول کە زەمانێ، تا ببۆسم دەست و شەمشیرت (سالم، 2015، ل 178)

بەشی زۆری ئەو شیعرانەی سالم کە بۆ جوانی یار (تورک)ی بەکارهێناوە، لەگەڵ وەسفی جوانی چاوی یاردا هاتووە: (تورکی چاوت، تورکی چاوی مەستی یار، ئیمای تورکی دیدەت، تورکی دیدەیی مەستت.. )، شاعیر زۆر دەترسێت لە ئاژاوەی جوانی چاو، دەزانێت چاوی یار ئارەزووی خوێنڕێژی دەکا، بە تیری برژانگ و شمشێری برۆکانی بە ڕووی شاعیر وەستاوە:

فیتنەجۆیە تورکی چاوت، مەیلی خوێنڕێژی دەکا :

ڕووبەڕووم دایم لە ڕووما تیر و شەمشیری هەیە (سالم، 2015، ل 865)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سالم ڕوو لە یاری بێدین (تورکی کافر) دەکات، هێندە بێ رەحمانە (کافرانە) بە نیگای ئاشقانە، تیر لە دڵی شاعیر دەدات، وەک ئەوەی بەهمەنی کوڕی ئەسفەندیاری پاشا بێت و لە تۆڵەی باوکیدا فەرامورزی کوڕی ڕۆستەمی زاڵ بکوژێت:

سوویی عاشق، وەختی ئیما، ڕووبەڕوو تیرئەفگەنی

بۆ فەرامورزی دڵم، ئەی تورکی کافرا، بەهمەنی (سالم، 2015، ل 934 )

سالم چیدی بەرگەی ستەمی یاری تورک ئاسای ناگرێت و خواحافیزی لێ دەکات، ئەمجارە سیفەتی (تاڵانکەر) دەداتە پاڵ وشەی (تورک)، ئەو شۆخە هەموو ژیانی سالمی بە تاڵان برد، شاعیر هیچی نەما ئومێدی لەسەر هەڵچنێت، بۆیە وەک دەروێشێکی بێ ماڵ و حاڵ، ڕێگا دەگرێتەبەر و ماڵئاوایی دەکات:

بە یەغما چوو، لە یەک ئیما، مەتاعی صەبر و ئارامم

بە دەروێشی دەڕۆم، ئەی تورکی غارەتگەر، خودا حافیظ (سالم، 2015، ل 379)

## 13- ستەمی هاوشێوەی ڕۆم و عەجەم:

سالم لە بەیتێکدا تەواوی کێشەی ڕووخانی بابان دەخاتەڕوو، ئەو ڕوانگەی سالم لای زۆران ئێستاش هەر ڕاستە، کە ستەمێکی هاوشێوە لە ڕۆژهەڵات (عەجەم) و ڕۆژئاوا (ڕۆم) بەرانبەر کوردان دەکرێت، کورد کەوتووەتە نێو دوو بەرداشەوە، کە دوو نەتەوەی سەردەستی ناوچەکەن، زۆر نەتەوەی دیکەی ناوچەکە نەیانتوانیوە بەرانبەریان بوەستن و لەنێو نەتەوەی سەردەستدا تواونەتەوە یان بوونەتە بەشێک لە ئەجێندای سیاسی نەتەوەی سەردەست، بەڵام کورد نە تەسلیمیان بووە و ببێتە کۆیلەیان، نە توانیویتی ڕێگەی ڕزگاری بدۆزێتەوە و ببێتە سەردار.

سالم وەک کەسایەتییەکی بە ئاگا، خوێندنەوەیەکی وردی سیاسییانەی کردووە، لەو بەیتەدا ئەو تاریکییەی نیشتمان پیشاندەدا، کە نەگبەتییەکەی بە تریشقە و برووسکەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایە، بەردەبارانێکە تایبەت بە موڵکی بابان:

صاعیقە و بەرقی نەدامەت ظوڵمەتی دا شەرق و غەرب

بەردەبارانە بە مەخصووصی لەسەر موڵکی بەبان (سالم، 2015، ل 526)

بۆ سالم تورک و فارس هیچ جیاوازییەکیان نییە و هەردووکیان خۆسەپێنەری سەر کوردانن و وەک ئەوەی چ با بێ یان باران لە عومری بەفر کەم دەکاتەوە، هەر لە هاوبەشییە بێبەزیی و "بەردبارانە"ی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە، دەچینە سەر عەجەم و فارس لە جیهانبینیی سالمدا.

## 14- عەجەم و فارس لە جیهانبینیی سالمدا:

لە شیعری کۆنی کوردیدا (عەجەم) لە بەرانبەر فارس و دەسەڵاتیان بەکارهێنراوە، عەجەم لە زمانی عەرەبیدا بە هەموو کەسی ناعەرەب و نەتەوەکانی دیکە گوتراوە، وەک حوکمڕانیش فارس دراوسێیان بووە، بۆیە وشەکە زیاتر هەڵگری مانای فارس بووە، پاشان ماناکە گۆڕاوە، ئێستا لە زمانی کوردی و چەند زمانێکی دیکەی دەوروبەر، عەجەم بە مانای ئێرانی و فارس دێت.

لەگەڵ ئەوەشدا لەم سەردەمەدا لەنێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، کە کەسێک گوتی: عەجەم، زیاتر مەبەستیان ئازەر و تورکە، هەروەها هەندێکجاریش لە جیاتی ناوی شیعە (بە فارس و ئازەرەوە) بەکاردێت.

لە شیعری سالمدا، باسی فارس و عەجەم بەشێکە لە دنیابینینی سالمدا، وەک زاراوە 8 جار وشەی (عەجەم) و 1 جاریش (پارس)ی بەکارهێناوە، بێ ئەوەی ناوی فارس بێنێت، لە هەموویاندا مەبەستی ئێرانی و فارس و دەسەڵاتیان بووە.

سالم هێندە لە دژی تورکی عوسمانی شیعری نووسیوە، هەندێک جار وا دەردەکەوێت، کە لە سەنگەری فارس بێت و لە دژی تورکەکان ئەوانی هەڵبژارد بێت، بەڵام "شیعرەکانی سالم ئەوی لە ئێران دایناون، هەمووی ناڕەزایی و دەردەدڵ وە گلەییە لە ئێران و دەزگای بەڕێوەبەرایەتییەکەی. تەنانەت شیعرێکی تە رخان کردوە بۆ هەجوی رافیزی و شیعە. سەرەڕای ئەوەش (لەگەڵ دڵ)ی خۆی (شەرت)ی کردوە، کە (بەهەشت گەر بێتە دەشتی ڕەی)، هێشتا ئەو بە ئێران دا گوزەر ناکات. ئەمە ئەو قسەیە پوچ ئەکاتەوە کە گوایە مەیلی ئێرانی هەبوە ". (ئەمین، 2014، ل 173).

ئەو بەیتە شیعرانەی سالم لەبارەی عەجەمەوە دەرخەری ئەوەن، کە "سالم خۆی وەکو لە شیعرەکانیدا بەدیار دەکەوێت زۆر ڕقی لە ئێرانییەکان و زۆریش دژی شیعەگەرێتی بووە، بە ئاشکرا هێرشیان دەکاتەسەر و بەناو و ناتۆرەی ناجۆر وەسفیان دەکات". (دەشتی، 2021، ل 433).

لە جیهانبینیی سالمدا ڕەتکردنەوەی ژیانە لە خاکی عەجەمدا، ئەوێ شوێنێک نییە سالم تێیدا ئارام بێ، پەناگەیەک نییە بۆ ئاوارەیەک، بۆیە هەرگیز نەیویستووە لە خاکی عەجەمان بژێت، لەو ڕۆژانەش پەشیمانە رووی لەوێ کردووە. هەروەها وەک کەرەستەی شیعری سوودی لە بەکارهێنانی "شاهی عەجەم، ئەهلی عەجەم ، نیگاری عەجەم، نەزاکەتی عەجەم..) وەرگرتووە بۆ دروستکردنی وێنەی شیعری و ئەو مەبەستەی شاعیر دەیەوێت.

ئەگەرچی سالم فارسیزانێکی باش بووە و شیعری پێ هۆنیوەتەوە، بەڵام نایەوێت هەستەکانیشی بەو زمانە دەرببڕێ، لەو کاتەی لەگەڵ یاری فارسیزمان دایە، وەک ڕەتکردنەوەیەک و وەستانەوەیەک بەرانبەر بە فارس، دەڵێت: من کوردم، نایەوێت شەرحی حاڵی خۆی بە فارسی بکات.

سالم ئەو هەستە خۆبەکەمزانینەی بەرانبەر بە نەتەوەکانی دیکە نییە، کە هەر بەوان بگات و خۆی و زمانەکەی لەبیر بکات، سالم بۆ یاریش ناچار نییە، دەستبەرداری (من کوردم) بێت:

(( مه پارس زبانم گفت: سالم، شرح حالت گو))

وتم: جانا! بەڵەد نیم ئیصطیلاحی ئێوە، من کوردم (سالم، 2015، ل 435)

سالم دەسەڵاتی عەجەم ڕەتدەکاتەوە و شانازی بە هەر میر و پاشا و سەرکردەیەکی کوردەوە دەکات، کە ژێردەستەییان قبوڵ نەکات، کاتێک سالم قەسیدەیەکی دووردرێژی 45 بەیتی لەسەر مەحموود ئاغای شیوەکەڵی بابان دەنووسێ (دێی شیوەکەڵ لە ناوچەی سیوەیلیی سلێمانی بووە)، سالم بۆیە شانازی بە مەحموود ئاغاوە دەکات، کە توانیوێتی لە ڕووی دەسەڵاتی عەجەمدا بووەستێ، وەک پاسەوانی مەملەکەت بێتە بەربەستێک بۆ پاراستنی خاکی بابان، کە میرنشینەکەش بووەتە ژێردەستەی عوسمانی، مەحموود ئاغا هەر وەک شێری بێشەی موڵکی بابان بووە:

سەددی سەرحەددی عەجەم، هەم پاسەبانی مەملەکەت

شێری بێشەی موڵکی (بابان)، ژێردەستی ڕوومییان (سالم، 2015، ل 516)

بەشی زۆری بەکارهێنانی (عەجەم) لای سالم، تەنیا وەک کەرەستەیەکی شیعری بەکارهاتووە، وەک ئەوەی ئەو کاتەی لەگەڵ یاردا بووە، شان و شەوکەتی (شاهی عەجەم)ی هەبووە، یان سوود لە هونەری (نیگارکێشی عەجەم) وەردەگریت، کە زۆر ناودارن لە کێشانی وێنەدا، کەچی هێشتا ناتوانن شێوەی یارەکەی بکێشن:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە نیگاری عەجەمی شێوەیی تۆ نایێتە ضەبط ،

تازە ئاموختە کەی مەشقی دەگاتە خەطی میر؟ (سالم، 2015، ل 359 )

هەروەها باسی خۆش مەشرەبی و قسەخۆشی عەجەم دەکات، لە دروستکردنی وێنەیەکی شیعری عاشقانە بەکاریهێناوە، تاوەکو دڵی وەک مەجنوون عیشقی لەیلا بێ، گرانە لە کاتی دووری و دابڕاندا لە یارەوە بە قسەی خۆش و نوکتەزانانی عەجەم دڵخۆش بێ:

تا بە لەیلایی عەرەب مایلە، مەجنوونی دڵم

صەعبە خورڕەم بێ لە هیجرا بە ظەریفانی عەجەم (سالم، 2015، ل 461)

هەروەها بۆ گەورە پیشاندانی چیرۆکی خۆی، باسی خاکی عەجەم و عوسمانی دەکات، کە چیرۆکی ستەمی یاری ئەو لەو هەموو سنوورە دەنگیداوەتەوە، کەس وەک سالم بە دەستییەوە سەرگەردان و ڕیسوا نەبووە:

قیصەیی حاڵەتی ئەو کەشفە لە ڕۆم و عەجەما

نییە وەک "سالم"ی سەرگەشتە ئەبەد، ڕیسوایێ (سالم، 2015، ل 1030 )

## 15- عەرەب لە جیهانبینیی سالمدا:

بەپێی حوکمڕانی نەتەوەکانی دیکە بەسەر کورددا، سالم لە نەتەوەکانی ڕوانیوە، لە سەردەمی سالمدا عەرەب هێندە باڵادەست نەبوونە، بۆیە نەچووەتە نێو باسی نەتەوەی عەرەب و حوکمی عەرەبەوە، لەگەڵ ئەوەشدا سالم 11 جار ناوی (عەرەب)ی لە شیعرەکانیدا هێناوە، باسی عەرەب لای سالم یان باسکردنە لەرووی کۆمەڵایەتی و نەریتی عەرەبی، یان عەرەب وەک کەرەستەیەکی شیعری بووە.

بەشێک لەو بەیتانەی کە عەربی تێدابەکارهێناوە، تەنیا بۆ دروستکردنی وێنەی شیعری بووە، لە 3 بەیتدا باسی ئەسپی عەرەبی و لە باسی عیشقیشدا 3 جار بە چیرۆکی لەیلا و مەجنوون و ناوهێنانی عەرەب وێنەکەی تەواو دەکات (ئەسپی عەرەبی، زومرەی عەرەب، لەیلای عەرەب) 2 جاریش بۆ وەسفی جوانی چاوی یار (دیدەی عەرەب و عەرەب دیدە) هاتووە.

لەو بەیتانەی کە عەرەب وەک کەرەستەیەکی شیعری بەکاردێنێ، لە چەندین بەیتدا بناغەی شیعری سالم بووە، ئەسپی عەرەبی و سوارچاکی عەرەبی وەک هێزێک وەسفی کردوون، لە غەزەلێکدا شاعیر

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مۆژدەی ڕزگاربوون لە تاریکی دەدات، خۆر وەک سوارچاکی ئاسمان وێنادەکات، هاوشێوەی سوارچاکی عەرەب پاڵەوانانە هاتووەتە مەیدان، کۆتایی بە زوڵمەتی شەو هێنا:

مەرکەبی خۆر ئاسمانە، نێزەیی زەڕڕین بە کەف

وەک عەرەب دیسان لە مەیدانا بە هەو هەو بوو عەیان ( سالم، 2015، ل 564)

لە ڕووە دنیابینییە کۆمەڵایەتییەکەی، سالم چیرۆکی سەفەرێکی خۆی لە حللە بە دووروودرێژی بە 32 بەیتە شیعر دەگێڕێتەوە، حللەی عەرەبنشین لە خوارووی بەغدایە و 423 کیلۆمەتر لە سلێمانی دوورە، چوونی سالم بۆ ئەوێ، شاعیر بە "قسمەت.. ل 43"ی دادەنێت، قسمەتێک کە بەرەو " مەنزڵگای بەڵا.. ل 43" و نەهامەتی بردووە.

لە ڕێگەی گێڕانەوەکەی و مانەوەی لە ماڵە عەرەبێک، دنیابینی سالم بەرانبەر بە خەڵکی شارەکە و عەرەب لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دەردەکەوێت، شاعیر حەسرەت و خۆزگە دەخوازێت، کە هەرگیز ئەو سەفەرەی نەکردبا:

گەردشی دەوران جڵەوکێش بردمیە ماڵی عارەبێ

چووم و دیم، ئەمما نەچوومایە، درێغا، حەسرەتا ! (سالم، 2015، ل 44)

سالم بۆ ئەوەی باسی خراپەی بەشێک لە عەرەبی حیللە بکات، ڕووداوێکی مێژوویی دەگێڕێتەوە، کە خەڵکی کووفە بەرانبەر بە ئیمامی حوسێن کردوویانە، کاتێک ئیمامی حوسێن و کەسوکارەکەی لە ساڵی (61)ی کۆچی (680ی زایینی) هانای بۆ بردن، کەچی کە هاتە کووفە خەڵکەکە پشتیان تێکرد، لەو بیابانەدا ئاویان لەسەر بڕی، کە ئیمامی حوسێن هەم میوانیان بوو، هەم نەوەی پێغەمبەر (د.خ) بوو، ڕووداوەکەش بە شەهیدکردنی ئیمام حوسێن و ئال و بەیتی پێغەمبەر (د.خ) کۆتایی هات.

سالم دەڵێت: ئەهلی کووفە ئەوەیان بەرانبەر بەو میوانە خۆشەویستە کرد، ئەهلی حیللەش کە هەر نزیکی کووفەن، لەوانیان خراپتر بەرانبەر کردووە، ئاو و نان و جێگە و ڕێگەشیان لێ قەدەغە کردووە:

ئەهلی کووفە فەقدی ئاویان کرد لە میهمانی عەزیز،

خانەخوێی من مەنعی نان و قووت و جێگە و ڕێ دەکا ! (سالم، 2015، ل 46)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سالم دوای 30 بەیت لە گێڕانەوەی دەردەسەری لەو شارە، دەڵێت: ئەگەر ئەوە تەبیعەت و مۆرکی عەرەبی بێ، شیری حوشتریش هەبێ، ئەوان وەک مێوژی کوردان شیرینن، بۆیە هەزاران سلاو لە دڵی پاکیان:

گەر عەرەب بەم نەوعە بن، با شیری وشتر بێتە ناو

وەر زەبیب طەبعن، هەزاران مەرحەبا، ئەهلی صەفا (سالم، 2015، ل 50 )

گێرانەوەکەی بەوە کۆتایی دیت، کە نایەوێ هەرگیز هاوماڵی عەرەب بێت و لەگەڵیان بژێت، تاوەکو ئەو ڕۆژەی دەمرێت، چونکە حەیفە ڕوونی و سافی ئاوێنە، تۆزی خۆڵەمێشی لێ بنیشێ:

هەمنشینم قەد نەبێ ئیتر عەرەب تا حاڵی مەرگ

ئاینە کەسبی جەلا، حەیفە، لە خاکیستەر بکا ! (سالم، 2015، ل 51 )

لەو شیعرەدا سالم ڕەشبینە بەرانبەر بە کۆمەڵگەی عەرەبی لە حیللە، شاعیر هەڵوێستی بەرانبەر بە خێزانێکی عەرەب، گشتاندنی پێکردووە بەرانبەر بە هەموو تاکێکی عەرەب، لەگەڵ ئەوەشدا لە کۆتایی بەیتەکاندا، کە باسی قارەمانی ئەسپەکەی دەکات، دەردەکەوێ مەبەستێکی خەندە ئامێزیشی لە پشت شیعرەکەوە هەیە.

## 16- نەتەوەکانی دیکە لە جیهانبینیی سالمدا:

سالم لە شیعرەکانیدا ناوی چەند نەتەوەیەکی دیکەی هێناوە، وەک: ئەرمەن و فەرەنگ و ڕووس و جوو (جوو وەک ئایین و نەتەوە)، هەروەها ناوی ئێزدیشی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە هێناوە، هەموو ئەو نەتەوە و ئایینانەی دیکە لای سالم وەک نموونەی خراپە هێناوەتە نێو شیعرەکانی، وەک ئەوەی لە جیهانبینی سالمدا تەنیا کورد و موسڵمان نموونەی باڵا بن.

سالم لە شیعرێکی داشۆریندا، بە زمانێکی هەست بریندارکەر وەسفی بەرانبەرەکەی دەکات، بۆ خراپ پیشاندانی کەسە وەسفکراوەکە، ناوی 7 نەتەوە و ئایینی جیاواز پێکەوە دێنی، کە لە دنیای سالمدا ئەوانە لە خراپیدا هاوتان، ئەمانە هەموویان تەنیا لە یەک بەیتدا هاتوون: "1- فەرەنگ: گاوری ئەرووپی. 2- داسنی: ئێزدی. 3- گەبر: ئاگرپەرست. 4- نوصەیری: عەلەوییەکانی باکووری سووریا، 5- ئەرووس: ڕووس. 6- دەیلەم: لە گەیلانی باکووری قەزوێنە، 7- جوو".

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە کۆکردنەوەی ئەو نەتەوە و ئایینانە، کورتەی مەبەستی وەک ئەو ئیدیۆمەی سەر زارانە: "ئەوەی بە سەر مندا هاتووە، خوایە بەسەری کافریشدا نەیەت". ئەوەی بەسەر سالمدا هاتووە لە دەستی برایم ئاغادا، خوایە بەسەر فەرەنگ و داسنی و ئاگرپەرست و نوصەیری و ڕووس و دەیلەمی و جوولەکەشدا نەیەت:

فەرەنگ و داسنیی و گەبری بەدخوو،
نوصەیریی و ئەرووس و دەیلەم و جوو
بە حاڵی من نەبن هەرگیز ئەمانە
هەزار جار ئۆف برایم ئاغا لەدەست توو (سالم، 2015، ل 659)

## 17- جوولەکە لە جیهانبینیی سالمدا:

جوو وەک نەتەوە لە جیهانبینی سالمدا هاتووە نەک وەک ئایین، نەتەوەیەک کە بەردەوام بە کۆمەڵێک تایبەتمەندییەوە ناسراوە، هەروەها کوردیش دنیابینینێکی گشتی بەرانبەر بە جوو هەیە، وەک (نەتەوەیەکی فێڵزان و ترسنۆک و شەڕانگێز)، هەروەها لایەنێکی باشیشی وەک نەتەوەیەکی زیرەک و شارەزا لە بازاڕدا ناسراوە. کە ئەمانە لە پەند و ئیدیۆمی کوردیشدا ڕەنگیانداوەتەوە، وەک ئەوەی کە بە کەسی ترسنۆک گوتراوە: (دەڵێی جووە)، یان بە کەسی دەوڵەمەند گوتراوە: (هێندەی جوویەکی هەیە).

لە سێ بەیتدا سالم باسی جوولەکە دەکات، ئەویش بە کەسانی ترسنۆک و فێڵزان و گەلێکی پەرتەوازە وەسفی کردوون، بە تایبەتی لە سەردەمی سالمدا، جوو نەتەوەیەکی خاوەن دەوڵەت و دەسەڵاتدار نەبوون، بەڵکو پەرتەوازە و گرفتار بوون و بەسەر دەیان وڵاتدا دابەش ببوون.

جوولەکە وەک هێمای "ترسنۆک"ی لەنێو کورددا، سالم ئەوەی گواستووەتە نێو شیعرەکانی، جووی بە ڕەگەزێکی ترسنۆکی نێو مرۆڤایەتی داناوە، شاعیر لە داشۆرینی (ئاغەسوورە) ناوێکدا، ڕووی تیدەکات و دەڵێت: ئەگەر پۆلی باڵندەکانیش وەکو مرۆڤ میللەتی جیایان هەبا، ئەو (ئاغاسوورە) هێلانەکەی لە خانووی ڕۆستەمی پاڵەوانیش با، هەر لە شێوەی جوولەکە ترسنۆک دەبوو.

صینفی مورغیش گەر وەکوو ئینسان جودا بێ میللەتی
ئاشیانەی گەر لە خانەی ڕۆستەمە، جینسی جووە (سالم، 2015، ل 848 )

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەو بەیتەدا ڕاستەوخۆ بەرانبەر بە پاڵەوانییەتی ڕۆستەم ، جووی وەک دژیەکی ئازایەتی داناوە، لە تێڕوانینی سالمدا جوو ئەو قۆناغەی تێپەڕاندووە کە بە ترسنۆک بچوێنرێت، بەڵکو یەکسەر بووە بە هاوواتای ترسنۆکی و دژیەکی ئازایەتی، دەکرێت ئەم "ترسنۆک"ییەش کە لە وەسفی جووەکاندا هاتووە، بەهۆی کەمی ژمارە و ئاوەرەیبیانەوە بووبێ، هەڵوێستیان بۆ ئەو سەردەمە وای خواست بێ.

سالم لە دوو بەیتی دیکەی جیاوازدا، وێنەیەکی هاوشێوەی دروستکردووە، بووە بە دەقاوێزانی خودی، لە هەردووکیاندا جوو بە نەتەوەیەکی فێڵزان وەسفدەکات، کە کاریان دروستکردووە کێشە و گرفت و گرێکوێرەیە بۆ کەسانی دیکە، لە بەیتی یەکەمدا شاعیر فەلەک بە سەرچاوەی چارەڕەشی خۆی دادەنێت، کە وەک (یەهوودانە) هێندە گرێی خستووەتە نێو کارەکانی، هیچ داوێکی ژیانی بە یەک ناگاتەوە و هەموو ئومێدێکی لە کورتی دەدات:

بەهەم نایێ لەبەر کورتی لە هەر سوو ڕشتەیی ئومێد

یەهوودانە فەلەک عوقدەی ئەوەندە خستە ناو کارم (سالم، 2015، ل 438)

لە بەیتەکەی دیکەدا، دیسان شاعیر روو لە دنیا دەکات، کە گرێیەکی وەک گرێکوێرەی جوولەکەی لە بەختی داوە، بە جۆرێکە حەزرەتی ئیدریسیش (س.خ)، کە پیشەکەی بەرگدوور و کاری کردنەوەی گرێ بووە، بەڵام بە نینۆکیش ئەو گرێکوێرەی ژیانی سالمی بۆ ناکرێتەوە:

وەک یەهوود دونیا گرێی وا دا لە ڕشتەی طالیعم

حەضرەتی "ئیدریس" بە ناخون سەعی کا، ناکرێتەوە ! (سالم، 2015، ل 845 )

لەو دوو بەیتەدا ئاماژەیەکیشی تیدایە، کە جوو لەو سەردەمەدا هێندە حاڵیان پەرێشان بووە و بەختیان خەوتووە، کە دەستیان بۆ هەر کارێک بردووە وەک گرێکوێرە بۆیان نەبووەتەوە.

## 18- ئەرمەن و مەسیحی لە جیهانبینیی سالمدا:

باسی مەسیحی و خاچ و پشتێنی قەشە و تەرسا و لە ئایین وەرگەڕان بۆ کچە گاور، بەشێکە لە شیعری سالم، لە 25 بەیتدا هاتووە: (14 تەرسا: گاور، 3 زووننار: پشتێنی کەمەری قەشە، 4 چەلیپا: خاچ، 4 جار شێخی سەنعان و بوون بە مەسیحی).

بەشی زۆری ئەو شیعرانەی سالم کە مەسیحی هێناوەتە نێو شیعرەکانی، بۆ دروستکردنی وێنەیەکە لەگەڵ یار، بەشەکەی دیکە ئەو تێڕوانینە گشتییەیە، کە لە کۆمەڵگەی موسڵماناندا هەیە، مەسیحی بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لادەر لە ئایینەکەی حەزرەتی عیسا (س.خ) دەزانن، جیهانبینی سالمیش بەرانبەر بە مەسیحییەکان هەر لەو ڕوانگەوەیە.

سالم بە تێڕوانینە موسڵمانییەکەی هەیەتی، لەگەڵ باسی یاردا بیری مەسیحی ڕەتدەکاتەوە، لە ڕێگەی وێنەی یارەوە لەبارەی مەزهەبی تەرسا دەدوێ، جاران یاری سالم وەک حەزرەتی عیسا ڕاست و ڕەوان و بێوەی بووە، ئازاری نەداوە، بەڵام دواتر وەک گاور هەڵگەڕاتەوە و قسەی بێسەروبەر و دژبەیەک دەکات:

بۆ موطیعی، عیسەئاسا ڕاســتڕەو بوو ((پیش ازین))

وەک خەطی تەرسا بینای نا حەرفی واروون عاقیبەت (سالم، 2015، ل 229 )

لە دیدی سالمەوە مەسیحییەکان (کافر)ن، ئەگەر ئەوە خراپترین لادانی باوەڕیش بێ، ئەوا سالم ئامادەیە بۆ یار واز لە موسڵمانییەتی خۆی بێنێ و ڕێگای "کافران" بگرێتەبەر، لە دوو بەیتی بەدوایەکدا، شاعیر بۆ یار دەبێتە ڕێبواری هەر ئایینێک، تاوەکو ئارەزووی یار بێتەدی، تەزبێحی سۆفییانە بەدەستەوە دەگرێ و ماوەیەک دەبێتە نیشتەجێی مزگەوت، جارێکیش زوونناری پشتێنەی "کافران" دەبەستێ و دەڕوانێتە دەیری مەسیحییان، بەڵام مەبەستی بنچینەیی شاعیر یارە، ئەو ئێرە و ئەوێیە بیانووە و تەنیا دەیەوێت یار ڕازی بێت:

گرتم بە دەست و بەستم تا مەیلی تۆ بەکامە

تەسبیحی صۆفییانە، زوونناری کافرانە

گەهـ دڵ لە سەیری دەیرە، گاهێ موقیمی مەسجید

مەقصوودی ئەصڵیی من تۆی، ئێرە و ئەوێ بەهانە (سالم، 2015، ل 813)

لە بەیتێکی دیکەدا دیسان وێنەی "کافر" بە مەسیحییەکان دەدات، (کوفر) بەرانبەر بە تەرسا و (ئیمان) بۆ (موسڵمانان) بەکاردێنێ، دیمەنەکە وا دروستدەکات، کە موسوڵمان و گاور لە ڕووی ئەودا، ڕاستگۆیانە وەسف و ستایشی دەکەن، خاچی یەکتربڕی (کافران)، لە شێوەی قژ و ئەگریجەی ئەون، ڕووناکی ڕوخساریشی وەک نووری ئیمانی (ئیمانداران) وایە، یاری شاعیر دەتوانێت لە وێنەیەکدا کوفر و ئیمان کۆبکاتەوە:

لە ڕووتا موئمین و تەرسا لە وەصفت هەردوو صیددیقین

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چەلیپای زوڵف و نووری طەڵعەتت جێی کوفر و ئیمانە (سالم، 2015، ل 810)

جارێکیش ناوی (ئەرمەن)ی لە شیعردا هێناوە، لەگەڵ باسی یاردا بۆ نموونەیەکی خراپ ئەوانی هێناوەتەوە، دەڵێت: ئەگەر شەوپەرست بێت و حەزی لە تاریکی بێت، ئەوا دەبێتە ئەرمەنی، بۆیە شاعیر دڵخۆشە شەو ڕۆیی و ڕۆژ هەڵات، دڵبەرەکەی وەک خۆر دەرکەوت:

ئەرمەنیم گەر شەوپەرست بم، چا بوو ئەو چوو، ڕۆژ هەڵات

دڵبەرم ناگەهـ وەکوو شیرینی خوسرەو بوو عەیان (سالم، 2015، ل 565 )

سالم لە چەندین بەیتدا دووپاتیدەکاتەوە لە پێناو یاردا ئامادەیە ببێتە شێخی سەنعان، بۆ ئەو دەچێتە سەر ئایینی گاوران و "لە ئێستاوە کاری من بە زوننارە" بۆ یار دەڵێتەوە، چونکە مامۆستای یارە بێ ئایینەکەی تەرسایە: "ئوستادی تەرسایە بە خەصڵەت یاری بێدینم ل 452".

وەک چۆن شێخی سەنعان، کە لە داستانی کوردیدا هاتووە، خواپەرست و شێخی سەدان سۆفی لە پێناو کچە گاورێک لە دین وەرگەڕاوە، بۆیە سالمیش بە دڵی دەڵێت: ئەگەر دڵبەر بچێتە سەر ئایینی گاوران، ئەگەر وەکو شێخی صەنعان نەچێتە سەر ئایینی ئەو، خوایە بە دەردی (وەیسە) بچێ، کە کەسایەتی داستانێکی دڵداریی کۆنی ئێرانییە، بە چارەڕەشی وەیسە کۆتاییی هاتووە:

ئەگەر دڵبەر قوبووڵ کا دینی تەرسا

دڵا تۆ "وەیسە" بێ، گەر نەبیە "صەنعان" (سالم، 2015، ل 498)

لەگەڵ ئەوەی ئایینی گاوران لە ڕوانگەی شاعیرەوە کافربوونە و بێ دینییە، بەڵام بۆ یار ئامادەیە ئەو ئایینەش هەڵبژێرێت و ڕێگای شێخی سەنعان بگرێتەبەر، لەگەڵ ئەوەشدا وەرگەڕانی شێخی سەنعان لە ئیسلام شتێکی کاتی بووە، وەک لە گێڕانەوەکاندا هاتووە، دەبێتەوە موسڵمان و کچە گاورەکەش دێتە سەر ئایینی شێخ.

## 19- ئەنجام:

++ نەتەوەکان، لە شیعر و جیهانبینیی سالمدا پانتاییەکی فراوانیان گرتووە، بە پلەیەک باسی ڕۆم و تورک، عەجەم و فارس، عەرەب، پاشان تورکمان و ڕووس و و ئینگلیز و ئەرمەن و تاتار، هەروەها ئەو ئاینانەی کە ناسنامەیەکی نەتەوەییان هەڵگرتووە لە جوو و ئێزدی لە یەک هەڵومەرجدا ناویانی هێناوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

++ سالم شاعیرێکی هەستیار بووە بە کێشە نەتەوەییەکان، جیهانبینیی ئەو بۆ نەتەوە دراوسێکانی کورد هێندەی کاردانەوە بووە، کەمتر خوێندنەوەی قووڵ بۆ تایبەتمەندی ئەو نەتەوانە بووە.
++ لە دیوانەکەیدا 79 جار وشەی (تورک و ڕۆم)ی بەکارهێناوە، تورک لای سالم دوو مانا و دەلالەتی هەیە، لە یەکەمیاندا زیاتر بە وشەی (ڕۆم) هاتووە، لەوێدا وەک دەسەڵاتێکی داگیرکەر و نەتەوەیەکی بێ بەزەیی، لە وێنەی دووەمدا زیاتر وشەی (تورک) هاتووە، لەمەیاندا بۆ وەسفی جوانی یار هاتووە.
++ شاعیر بە چەند شێوەیەک وەسفی تورک دەکات، لەوانە: نەتەیەکی ترسنۆکن و هێزیان لە گەلەکۆمە کردنە، نەتەوەیەکی شوومن و لە هەر شوێن حوکم بکەن نەگبەتی ڕوو لەوێ دەکات، لە ڕووی ئاینییەوە کەسانی ڕیاکارن، ئیسلام بۆ پێگەی سیاسی خۆیان بەکاردێنن، هەروەها سیفەتی فێڵ و تەلەکەبازی دەخاتە پاڵ تورکەکان.
++ شاعیر تورک و فارس لە ستەمدا هاوشێوەی یەک دەبینێت، لەگەڵ ئەوەی زیاتر باسی تورکی کردووە، بەڵام هێندە لە دژی تورکی عوسمانی شیعری نووسیوە، هێندەش ڕقی لە ئێران و عەجەم بووەتەوە، 9 جار زاراوەی عەجەم و پارسی بەکارهێناوە.
++ لە دیوانەکەیدا 11 جار ناوی (عەرەب)ی لە شیعرەکانیدا هێناوە، ئەویش لەڕووی کۆمەڵایەتی و نەریتی عەرەبی، یان وەک کەرەستەیەکی شیعری باسیان دەکات.
++ سالم لە شیعرەکانیدا ناوی چەند نەتەوەیەکی دیکەی هێناوە، وەک: ئەرمەن و فەرەنگ و ڕووس و جوو (جوو وەک ئایین و نەتەوە)، هەروەها ناوی ئێزدیشی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە هێناوە، هەموو ئەو نەتەوە و ئایینانەی دیکە لای سالم وەک نموونەی خراپە هێناوەتە نێو شیعرەکانی.
++ باسی مەسیحی و خاچ و پشتێنی قەشە و تەرسا و لە ئایین وەرگەڕان بەشێکە لە شیعری سالم، لە 25 دێڕدا هاتووە ئاماژەی پێیانداوە، بەشی زۆری ئەو شیعرانەی بۆ دروستکردنی وێنەیەکە لەگەڵ یار، بەشەکەی دیکە ئەو تێڕوانینە گشتییە، کە مەسیحی بە لادەر لە ئایینەکەی حەزرەتی عیسا (س.خ) دەزانێت.

## 20- سەرچاوەکان:

**یەکەم: بە زمانی کوردی**

1- ئیبراهیمی، عەبدوڵلا (2012)، کاوە فەرهەنگی (فارسی، کوردی)، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، هەولێر.

2- ئەحمەدی، بابەک (2008)، هەقیقەت و جوانی، وەرگێڕانی مەسعود بابایی، چاپخانەی خانی، چاپی یەکەم، دهۆک.

3- ئەمین، نەوشێروان مستەفا (2014)، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، کتێبی سێیەم، الدار العربیە للعلوم، بیروت، لبنان، چاپی یەکەم.

4- بۆرەکەیی ، سدیق (سەفی زادە) (2008)، مێژووی وێژەی کوردی ، بەرگی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، چاپی دووەم.

5- پیربال، فەرهاد (2011)، وشەی (تورک) وەک سیمبۆلی (ستەم) لەلای شاعیرانی کلاسیک، گۆڤاری رامان، ژ 168.

6- حیلمی، رەفیق (2010)، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، چاپی دووەم.

7- حەوێزی، دەریا جەمال (2014)، جیهانبینیی شیعری هاوچەرخی کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

8- خەزنەدار، مارف (2010)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی سێیەم، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر.

9- دەشتی، عوسمان (2021)، سالمی ساحێبقڕان – باس و لێکۆڵینەوە، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

10- ڕەسوڵ، ڕەسوڵ حەمەد (2013)، جیهانبینی لە ڕۆمانی کوردیدا، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

11- سالم - عەبدوڕڕەحمان بەگی صاحێبقڕان (دیوان) (2015)، ساغکردنەوە و لێکدانەوە: مەلا عەبدولکەریم مودەرریس، فاتیح عەبدولکەریم، محەمەدی مەلا کەریم، ئامادەکردن: سدیق ساڵح، بنکەی ژین، سلێمانی ، دوو بەرگ، چاپی یەکەم.

12- سجادی، علاءالدین (1952)- مێژوی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی معارف، بەغدا.

13- سەجادی، بەختیار (2022)، فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەیی، بڵاوکراوەکانی ماڵی وەفایی، هەولێر، چاپی سێیەم..

14- شەریفی، فەرشید (2017)، فەرهەنگی زاراوەکانی فەلسەفە و زانستە کۆمەڵایەتییەکان (ئینگلیزی – فارسی- کوردی)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

15- شەوڕۆ و سلێوە، فازیل و د. هاوژین (2019)، دایک لە جیهانبینیی شیعری (لەتیف هەڵمەت) دا.
16- شەوڕۆ و سلێوە، فازیل و د. هاوژین (2017)، جگەرە لە جیهانبینیی شیعری (شێرکۆ بێکەس) دا، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
17- عارف، محەمەد نوری (2009)، فەرهەنگی دیوانی شاعیران (نالی – سالم- کوردی)، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، چاپی دووەم.
18- عوسمان، ڕەئوف (2021)، عەزیزبەگی بابان لە ئاستانەی سالمی ساحێبقڕاندا، چاپخانەی تاران، چاپی یەکەم.
19- فەیضی بەگ ، ئەمین (1982)، ئەنجوومەنی ئەدیبانی کورد، چاپخانەی کاکەی فەللاح، سلێمانی، چاپی دووەم.
20- قەرەداغی، محەمەد عەلی (2009)، هەنگاوێک لەسەر ڕێگەی لێکۆڵینەوەی (دیوانی سالم)دا، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
21- قەرەداغی، محەمەد عەلی (2010)، بەرکوتێک لە خەرمانی شیعری سالم، دەزگای ئاراس، هەولێر.
22- میرزا تۆفیق، ئاڤان عەلی (2013)، فەرهەنگی شیعرەکانی سالم لەبەر ڕۆشنایی ئەدەبی فارسیدا، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
23- هەژار(1369 هەتاوی)، هەنبانە بۆرینە فەرهەنگی کوردی- فارسی، چاپخانەی سرووش، چاپی یەکەم، تهران.

**دووەم: بە زمانی عەرەبی**

1- ابن تيمية (1986)، منهاج السنة النبوية، المجلد الاول، الناشر جامعة الامام محمد بن سعود، الطبعه الاولى، السعودية، الرياض.

**سێیەم: بە زمانی ئینگلیزی**

1- Alessiato EPC (2022). What is a Worldview? Some Suggestions from the History of the Concept. Negotiation Journal. [cited 2023 Jun 6]; 38 (3): page 397-404.
2- Albert M. Wolters (1989). On the idea of worldview and its relation to philosophy. In P Marshall et al (ed) Stained Glass University Press of America, (ISBN 08199172545).

3- Diederik Aerts - Leo Apostel - Bart De Moor - Staf Hellemans - Edel Maex- Hubert Van Belle - Jan Van der Veken (1994) World Views: From fragmentation to integration, Internet Edition 2007 ed. Brussels: VUB Press, originally.

-----------------------------------------------------------------------------------------------------------

## Nations in the worldview of the poet Salm

**Soran Bahaulddin Ezzulddin**
Department Of Kurdish, College of Language, University of Salahaddin, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
soran.ezedin@su.edu.krd

**Prof. Dr. Ibrahim Ahmad Shwani**
Department Of Kurdish, College of Language, University of Salahaddin, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
ibrahim.shwan61@yahoo.com

***Keywords:*** *Worldview, Salm's Thought, Salm Poetry's Characteristics, Nations in Poetry, Turks, Persians, Arabs.*

## Abstract

This study is titled: "Nations in the Worldview of the Poet Salm." It is an attempt to express Salim's thoughts about the neighboring Kurdish nations especially the nations that ruled the Kurds, which Salem (1805-1869) has his own point of view about them. If prediction is part of the individual's worldview, then Salm's worldview for the Kurd's future in between the Turk, Persian and Arab of the nations around the Kurds was a correct prediction, He will be disappointed with everyone, this is a time when there was a gathering umbrella of nations called Islamic Ummah (Islamic people) and caliphates, the days that followed after Salm untill now were a manifestation of the truth, have shown that these nations have been a problem for the Kurds.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

Therefore, when he looked in any nation, the question for Salm was how they are for the Kurds, and sometimes Salm's worldview for the Kurd neighboring nations was as much a reaction, was less a deep reading of the characteristics of those nations. Nations occupy a wide space in Salm's poetry and worldview, first of all, mention of Roman, Turk, Persian, Arab, Turkman, Russian, English, Armenian, and Tatar, as well as those religions with a national identity, such as Jews, and Yezidis, mentioned them in the same circumstances.

---

## الأمم في الرؤية العالمية عند الشاعر سالم

## ملخص:

هذه الدراسة بعنوان: "الأمم في الرؤية العالمية عند الشاعر سالم" إنها محاولة للتعبير عن آراء سالم (1805-1869) بشأن الدول الكردية المجاورة ، خاصة تلك التي حكمت الأكراد ، والتي كان لسالم آرائه الخاصة بها.
إذا كان التنبؤ جزءًا من الرؤية العالمية عند الفرد، فإن نظرة سالم العالمية لمستقبل الأكراد بين الأتراك والفرس والعرب من الدول حول الأكراد هي التنبؤ الصحيح.
يئيس سالم من الجميع، في الوقت الذي كانت الأمم الإسلامية والخلافة مجتمعة تحت ظل واحد، والأيام التي جاءت بعد سالم شاهدت تلك الحقيقة بأن تلك الأمم كانت سببا لكثير من المشاكل التي حلت بالكورد في حينها.
كان سالم شاعرا حساسا للقضايا القومية ، وكانت هذه سمة مميزة لشعره ، لذلك كان السؤال بالنسبة لسالم كيف كانوا مع الأكراد. وفي بعض الأحيان الرؤية العالمية عند سالم كانت رد فعل أكثر من القراءة العميقة لخصائص تلك الأمم.
الحديث عن الأمم يحتل مساحة واسعة في شعر سالم ونظرته للعالم ، في المرتبة الأولى الحديث عنده عن الرومان والأتراك والأمم والفرس ثم العرب والتركمان والروس والإنجليز والأرمن والتتار ، وكذلك الأديان ذات الهوية القومية مثل اليهود والإيزيديين ، ذكرهم في نفس الظروف.